# پاڵتۆ دڕاو

نینا باربارۆڤا



وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

جەبار سابیر

# پاڵتۆ دڕاو

**نینا باربارۆڤا**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

پاڵتۆ دڕاو
نینا باربارۆڤا
وەرگێڕانی بۆ فارسی: فاتمە ولیانی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: جەبار سابیر
بابەت: ڕۆمان
تایپ: وەرگێڕ
نەخشسەسازی و بەرگ: ڕۆمان
چاپ: یەکەم، ٢٠١٥
چاپخانە: کارۆ
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە
لە بەڕێوەبەریتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی () بۆ ساڵی ٢٠١٥ دراوەتێ.

سەرچاوە:
شنل پارە، نینا بربروا
ترجمة فاطمە ولياني
نشر ماهی، تهران، چاپ دوم، ١٣٩١

# پاڵتۆ دڕاو

# ١

خوشکەکەم ناوی ئاریان[1] بوو. لە تەمەنی نۆساڵی مندا، ئەو ساڵە لە بیرنەکراوەی بەفر و برسێتی، خوشکەکەم خوێندنگەی تەواو کرد و گەورە بوو. هەمان ساڵ، دایکم لە هەتوانگەیەکی سارد و چۆڵ لە پیتەربۆرگ مرد. لە ماوەی دوو مانگدا، ژیانی ئێمە ژێرەوزەبەر بوو و خۆیشمان هەروا.

شووقەکەی پیتەربۆرگمان هەبوو، ئیشکەرێکیش کە ساتێك منی بە تەنیا جێنەدەهێشت، باوکێکی سەیر و دایکێکی کەمدوو و نەخۆش کە لە ئەنجامی نەخۆشی درێژخایەن و جۆراوجۆریدا پووکابۆوە. شتێکمان هەبوو وەك خێزان، کێشمەکێشمێك بۆ ژیان. لە ئەمرۆیەکەوە تا سبەی، دنیا تاریك و رەش و چۆڵ و پەژموردە بوو. دوای نەشتەرگەری دووەم، رێورەسمێکی بە خاکسپاردنی نەدارانەمان ساز کرد. ئاریان قژی لە پشتە سەری گردکردەوەو قردێلەیەکی رەشی لە

1 - Ariane

کڵاوەکەی دا. قژی بابە سپی و خۆیشی لەڕ و بە گشتی شێت بوو، شێتێکی شاد کە زۆربەی کاتەکان لە توندی پێکەنیندا دەگریا. داوای لێبوردنمان لە ئیشکەرە کرد و ئیزنماندا و بەشێك لە شووقەکەمان بە بێگانەکان دابەکرێ. ئیدی دەبوو خۆم بەهەڵەداوان بچوومایە بۆ دوکان – تەڕەفرۆشییەکی سەر ڕێگەی وێستگەی شەمەندەفەری وارشۆ، کە لەوێ شیرم دەکڕی.

زستانی دووورودرێژی ساڵی (١٩٢٠) لە تاقە ژوورێکدا هاتە دوومان: هۆڵی نان خواردنەکەی پێشوومان کە لە ناوەڕاستیدا زۆپایەکی حەوجۆش هەبوو. شەوان، گەرمایەکی قورس و خاو لەوێ پێلی دەدا، هەموو ژیانی ئێمە بە دەوری ئەوەدا دەڕۆی. بابە لەودیو پەردەکەوە دەینالاند و لە پێکەنیندا لوول دەبوو. گاڵتەکانی منی دەخستە پێکەنین، بەڵام ئاریان تەنانەت بە چاوەکانیشی پێنەدەکەنی. بابە لەودیو پەردەکەوە جلی لەبەر دەکرد یا دایدەکەند، شتێکی دەخوێندەوە، دەنووست، بە چرپە قسەی دەکرد. لەم ژوورەدا، ئێمە، من و ئاریان، جارجارێ هەستمان دەکرد لە جیهاندا تەنیاین. بە تایبەت شەوان، کە لە سەر قەنەفەیەکی چەرم دەنووستین کە پێشتر لە ژووری کارکردنی بابەدا بوو (کەلوپەلی ژوورەکە، بابەتی جیاواز بوو کە لە کونج و کەلەبەری شووقەکەوە هەڵمان گرتبۆوە). ئێمە بە پێچەوانەی ئاراستەی یەکتریەوە، هەر یەکەمان لە ژێر بەتانی خۆیدا، دەنووستین. گڵۆپەکان دەکوژانەوە، کاتێك

که تەنها پرتەپرتی رەنگ پەمەیی ئاگرە دامرکاوەکە لەودیو دەرگاکانی زۆپاکەوە دەلەزری و سێبەری لەرزۆکی سپی لە سەر دیوارەکان راودەنا، من باوەشم بە ئەژنۆکانی ئەودا دەکرد و خەوم  لێدەکەوت.

ئەژنۆکانیم گەرم دەکرد و بە سنگە تورتە منداڵانەکەممەوە دەنووساند. قسەگەلێکم بە ئەژنۆکان دەوت کە نەمدەتوانی بە خودی ئاریانی بڵێم. چیرۆکم بۆ دەگێڕانەوە، خەونم دەچرپاند و ناوی خۆشەویستانەم لێدەنان. ئاریان لە خەوەکەدا دەجوولا، دوور و نزیك دەبۆوە. پەلەیەك رووناکی سپی، پەرچبوونەوەیەك دیار نەبوو لە رووناکی گلۆپەکە یا لە رووناکی مانگە، لە کونجێکی بنمیچەکە، بە سەر پەردەکەی بابەوە، دەلەرزی. من هۆن هۆن دەگریام، لە بەختەوەریدا پێدەکەنیم، لە ژیان دەترسام، باوەڕم پێی هەبوو. داوای شتێکی مەزنم دەکرد و تا ئەوپەڕی خۆم بچکۆلە دەبینی. لە هەموو جێگەیەك کەسی یەکەم بووم و هیچ کەسیش منی نەدەویست.

شەو بێ کۆتایی دەهاتە بەرچاو و رۆژیش لەو دوورودرێژتر: سەر لە ئێوارە دەنووستین و لەبەر رووناکی توندی مانگی مای دا لە خەو هەڵدەستاین. ئیدی ئاریان گەورە بوو، هەر ئەو ساڵە گەورە بووبوو. قۆڵەکانی بە ناسکییەوە شێوەیان گرت و دەموچاوە ناسکەکەی درێژ و جوان بوو. ئەوەندە لەڕ بوو کاتێك کە جلەکانی دادەکەند تا لە تەشتێکی چکۆلەدا خۆی بشۆرێت و منیش سەردەکەوتمە سەر تەپلەکێکی بەرز

تا ئاوی پێدا بکەم، ئێسکەکانیم دەبینی کە لە ژێر پێستەکەدا دەجوولان. جارجاری تەواو وندەبوون (بۆ نموونە کاتێك دەستی هەڵدەبڕی) و مەمکە پەمەیی - شینەکانیشی دەجولان، جارجاری دووبارە شێوەیان دەگرتەوە (کە دادەنەوییەوە).

شەوانمان ئارام و پڕ کار بوو، ئەگەر بابە نەگەڕایەتەوە. خۆمان دەشۆرد، قژمان دەبڕی، جلەکانمان دەشۆرد، جلە کۆنەکانمان پینەوپەڕۆ دەکرد یا مۆدیلەکانیانمان دەگۆڕی. جارجاری ئاریان، رۆب یا پاڵتۆیەکی کۆن و بیمانای لە بنی باوەڵێکدا دەدۆزییەوە، لەبەری دەکرد، بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکرد. پاشان لە بیری دەچۆوە، ئەو رۆبی لەبەردایەو هەروا پاڵتۆ بە شانەوە، لە خۆیەوە ئارایشتی جیاوازی قژی بۆ هەر دووکمان دروست دەکرد، ئەڵقەی رازانەوەی لە سەر پێڵاوە کۆنەکانی دادەنا یا یاری بە قردێلەی رەنگ کاڵەوە بوو دەکرد. وێنای دەکرد بڕیارە بەم زووانە لە کەرنەڤاڵێکی رازئامێزی دەمامکدا بەشداری بکات. دەبوو ژیان دەست پێبکات، نەك ئەم ژیانە پڕ نەگبەتی و خەفەتاوی و لێوڕێژ لە بێبەشییە، بەڵکو ژیانێکی دیکە، کە ئێمەی لە چاوەڕوانی خۆیدا رادەگرت. ئاریان دەستەکانی بۆ پێشەوە رادەگرت و سەری دەبردە دواوە و مەنەلۆژێکی بە شکۆ و وڕێنە ئاسای دەست پێدەکرد. فرمێسك لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوەو لە سەر روومەتەکانی من لافاو ئاسا دەڕۆیشت. لەو کاتەدا، لە تەمەنی هەژدە

ساڵیدا، هەر کارێکی دەکرد ئەم مانایەی دەگەیاند کە لە جێگەیەکی ژیاندا، بەختەوەرییەکی چاوەڕواننەکراو هەیە. لە هەر ساتێکدا دەکرا چارەنووس خۆی دەربخات. کەواتە دەبێت ئامادەبیت، چونکە لەو ساتەدا دواجار دەرگاکانی تەلارێکی گەورە دەکرێتەوە کە پڕە لە رووناکی و موزیك.

بابە شەوان درەنگ لە سەر کار دەگەڕایەوە. کاسەیەك کاچا[2]ی دەخوارد و بە بێ نان و شەکر چایی دەخواردەوە. هەندێك شەو لە هەراوزەنای پۆتینە قورسەکانی کە بنەکەی بە داوە بەنێك بەستبوو، خەبەرمان دەبۆوە. جارجارێ بەرەو قەنەفەکەمان دەهات و سەیری ئاریان، من و پاشان دووبارە سەیری ئاریانی دەکردەوە. ئاریانیش چاوە روونەکانی هەڵدەهێنا، دەستی بە ئەنگوستیلە روون و چکۆلەکەیەوە، لە بەینی پشتییەکە و رووومەتیدا دادەنا و بە تۆنێکی سەرکۆنەکەری خەمین دەیوت: (ئاخ بابە! لەم کاتەدا بێئەوەی پێویستییەك بە ئاژووتنی هەبێت، خۆی رۆدەچووە قەنەفەیەکەوە و یەکێك لەو چیرۆکە بێ سەروبەرانەی دەست پێدەکرد:

رۆژێکیان مارك توین پێی وتم: گوێبگرە، مستەر، وتت ناوت چی بوو...

لە مانگی سپتەمبەردا، ئاریان لە مۆزەخانەیەك کاری دەستکەوت و دیسان من بە درێژایی رۆژ لە ماڵەوە تەنیا

---

٢- Kacha، خۆراکیێکی هەژارانەی وەك هەریسە، کە بە جۆ یا گەنمی رەش ئامادە دەکرێت.

دەمامەوە. کە لە ماڵ دەچووە دەرێ، من وەك مشکێکی ماندوونەناسی چکۆلە، وەك مێروولەیەکی پڕ کار رۆژەکەم دەستپێدەکرد. عەردی ماڵەکەم خاوێن دەکردەوە، لە ریزەکانی کریندا دەوەستام، پشکی ئازوقەم وەردەگرت، چێشتم لێدەنا و جل و جۆرەکەم دەشۆرد. هەندێك کات، لەبەرئەوەی نەمدەتوانی مەنجەڵی قورسی چێشتەکە بەرزبکەمەوە، داوای یارمەتیم لە کۆنتس ریدنیکا[3] دەکرد، بە قژی کورت و پاپیی بەینی لێوەکانییەوە. کۆنتس لە ژوورەکەی پەنامانەوە دەژیا. لە هەر ژوورێکی شووقەکەماندا – بە گشتی پێنج ژوورمان هەبوو – خێزانێك بە منداڵ و تاوە و تەنافێکی جلەوە دەژیا. تەنها کۆنتس لەم چاوەڕوانییە بێهوودەیەدا کە رێگەی بدەن بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، زگورتی مابۆوە.

دوای بەرچایی، بابە دەچووە سەر کار و من سەرقاڵی سڕینەوەو چنگ وەشاندن دەبووم و بە خەیاڵی منداڵانەم چیرۆکگەلێکم لە ماسی وشك و هەرزنی ماوە دروست دەکرد. پاشان دەچوومە سەردانی کۆنتس. کۆنتس باسی ژیانێکی دەست پێنەگەیشتووی بۆ دەکردم، پڕ شکۆ و شاد، باسی پیاوانی سمێڵ زل، پاڵتۆی دانتێل، دەستکێشی ناوپۆش و حەزرەتی مەریەم.

کاتژمێر لە پێنج لایدەدا کە ئێمە، ئاریان و من، لە سەر مێزی نان خواردن دادەنیشتین. بە منی دەوت: (لانیکەم

3 - Rydnika

دابنیشه و پۆشکین بخوێنەوە. حەز دەکەم ناوت لە خوێندنگە تۆمار بکەم و کۆنتس بۆ چێشتلێنەری بەرکار بەرم.) هەربۆیە دەمزانی ئەم ژیانە بێمانایە بە زوویی تەواو دەبێت و من دووبارە دەست دەکەمەوە بە وانەو مەشقەکانم.

لە تەمەنی دە ساڵیدا، بەهێز بووم، بە دەستانی سوور و دەنگێکی زل و گڕ، کڵاوێکی فنلاندیم لە سەردا بوو و جووتێك پۆتینی لباد لە پێدا. ئامانجی ژیانی منداڵانەم ئامادەکردنی ئازوقە و هەڵگرتنی بوو بۆ ماڵەوە.

ئاریان دەگەڕایەوە ماڵێ، پاڵتۆکەی دادەکەند و لە پشت مێزی نانی نیوەڕۆوە دادەنیشت، لە بەرامبەری رادەما و بۆی دەگێڕامەوە رۆژەکەی چۆنچۆنی بەسەربردووە. جێگەکەی لە مۆزەخانە، نەك لە پەنا تابلۆکان و سەردانکەرانیاندا، بەڵکو لە بەشی پشتەوە بوو، ئەو جێگەیەی کە دەفتەری تۆمارەکانیان لێهەڵدەگرت و بێوچان شتێکیان دادەخست یا دەیانکردەوە. پشکی پێداویستی و ئازوقەکەی باشبوو: جگەرە، ماسی دووکەڵ لێدراو، جارجارێك کالباس یا گەنم. بۆ وەرگرتنی پشکەکەی دەبوو عەرەبانە منداڵانەکەمانم ببردایە، ئەوەی کە لە سەر بەفر خلیسکانێمان پێدەکرد. قژە بە پرچکراوەکەم دەخستە پشت گوێم و سەردەکەوتم، لە کۆڵانە بەستووەکان و لە سەر پردە تاقدارەکانی جۆگەی کاسرین لێمدەخوڕی و لووتە تەزیوەکەم دەسڕی!

ئیدی بەڕێوەبەرەکەیم دەناسی: گۆرگی سیرافیمۆڤیچ[٤]، لەگەڵ هاوکارەکانی ڤێرا سێرگیۆڤنا[٥]، و "کارمەندانی مۆزەخانەکە"یشم ناسیبوو کە جارجارێ دەهاتن بۆ ماڵمان: پرۆفسیۆر ماکسیمۆڤسکی[٦]، گریز[٧]ی دێرینەناس و ئەندرێ زۆنکۆڤ[٨]ی شاعیر. بە ئاسانی دەمتوانی ئەو ژوورە گەورەیە بهێنمە بەرچاوی خۆم کە ئاریان لەوێ لە پشت مێزی کارەکەیەوە لە پەنا پەنجەرەیەکی بەرزەوە دادەنیشت و بە دەستوخەتە وردەکەی کە بەرەو چەپ خواردەبۆوە، پەڕەکانی دەفتەرێکی گەورەی پڕ دەکردەوە، لە بەرامبەریشی، ڤێرا سێرگیۆڤنا بە بلووزی ئاوریشمییەوە. هەموو عاشقی بوون. هەموو نووسەرانی پیتەربۆرگی دەناسی و هەموو شەوێك دەچوو بۆ شانۆ. گیۆرگی سێرگیۆڤیچ[٩]، چاپسکا[١٠] بە سەر و پێڵاوی لاستیك لە پێدا، زۆر خوێندەوار و هەمیشە نارازی، بە گاگۆلکێ لە نێو سندوقی پڕ ئەنتیکەدا، نقەنقی بوو و هەڕەشەی دەکرد کە شکایەت دەباتە مۆسکۆ.

من هیچ جێگرەوەیەکم بۆ ئەم ژیانە، کە وەك ژیانی هەموان

4 - Georges Seraphimovitch

5 - Vera Sergueevna

6 - Maximovski

7 - Grise

8 - Andre Zvonkov

9 - Gueorgui Sergeevitch

١٠- Chapska، جۆرە کڵاوێکی سوپایی کۆن، لە سوپای پۆڵندا بەکار هاتووە، کە لەوێوە بۆ وڵاتانی دیکە، لەوانە فەرەنسایش ڕۆیشتووە.

وابوو، لەم شارە تاقانەیە لە جیهاندا — نەچووبووم بۆ شاری دیکە — لە خەیاڵدا نەبوو. هیچ جێگرەوەیەك لە زەینمدا نەبوو، نە بۆ برسێتییە بێکۆتاییەکەی کە وردە وردە ئێمەی دەپووکاندەوە، نە بۆ سەرما و کونی سەر جل و پێڵاو، نە بۆ دووکەڵی رەشی زۆپا و تاریکایی کۆڵانەکان، نە بۆ ترس: ترس لە تەنیایی و بێپەنا مردن، لە جیابوونەوە، لە نەخۆشخانە، لە شیشەکانی زیندان، لە ئاوارەیی. وەك چۆن کە نەمدەتوانی لە زەینمدا وێنای پرتەقاڵ یا کەناری دەریا بکەم، بەو هۆکارەی کە هەرگیز شتانێکی وەهام نەدیبوو، نەمدەتوانی باوەڕ بە دیاریی بێمەبەست، گەڕانی بێ ئامانج، پارەی بەردەست، گەرما و حەسانەوە بکەم لە جیهاندا.

وێڕای ئەمەیش، کۆنتس ریدنیکا دەهات و باسی دەستکێشی ناوپۆش و پاڵتۆی دانتێلی دەکرد. دڵی بۆ ئێمە دەسووتا کە بێبەشین، من لە "سپێدەی رووخساری ژیان" و ئاریان لەو حالوبارە شاعیرانە رازا ئامێرەی کە کۆنتس ئاوها خۆشی دەویست. بە دەم پایپ کێشانەوە، دەیوت: بچکۆلە نەگبەتەکان، گوڵە نەگبەتەکانی بیابان!

ئاریان لە بیستنی ئەم قسانە تەواو خەم دایدەگرت و گازی لە ئەنگوستیلە روونەکەی دەگرت. من وەك ئەو کاتەی کە گاڵتەکانی بابەم دەبیست، لە توندی پێکەنیندا دەتەقیمەوە، هاوکات هەستم دەکرد (بەبێ ئەوەی قەت لای کەسێك ددانی پێدا بنێم) کە کۆنتس هەقی بوو، بەڵام نەك تەواو، تەنها

تۆزێك. دەترسام ببینم دەنگی قاقاکەم گۆڕاوە بۆ هەنسکی گریان.

دوو کچە خاتوونیش دەهاتن بۆ ماڵمان. دوو خوشك، لیۆدا[11] و تاتا دیوکۆڤ[12]، هاوڕێی خوێندنگەی ئاریان. ئەو دووە باڵابەرز و جوان بوون و هەیکەلیان پڕ بوو. لە هەستیارترین جێگەی گفتوگۆدا ناچاریان دەکردم گوێکانم بگرم. بەڵام هێندەی پێنەچوو بە ئامادەییم راهاتن. هاواریان دەکرد، لە دەست ئەم ساشا[13]یە! وای لە دەست ئەم ساشایە و تەنانەت بە کۆمەڵیش، هەر دووکیان لەگەڵ ئاریان: ئای لە دەست ئەم ساشا شەیتانە! ئەمە ئای، بەهۆی خۆراگریمەوە بوو، بە هۆی ئامادەیی مێشك و جوابەجێیمەوە بوو، چاوانی کونجکۆڵ و دەستە بەهێزەکانم کە چنگی لە هەموو شتێك گیر دەکرد و ئامادە نەبوو ئەوەی لە مشتیدایە بەرەڵای بکات.

ئاریانی من، بەو چاوە گەورانەیەوە، قژی سووکەڵە، لەشێك تێکشاو و رۆحی کە وادەهاتە بەرچاو ئەوەندە تایبەت و تاقانەیە کە هیچ کەس هاوشێوەی ئەوەی نییە، سەروگەردنێك لە لیۆدا و تاتا بەرزتر بوو. لە قسەکانیانەوە، کە بە پێکەنین و چرپە دەبڕا، وردە وردە تێگەیشتم بڕیارە یەکێك لە کچەکان بەمزووانە زەماوەند بکات. زەماوەند بەم مانایە بوو ئەو

11 - Liouda

12 - Tata Dioukov

13 - Sacha

ماڵی باوك و دایك و خوشكەكانی جێدەهێشت تا لەگەڵ بێگانەیەك بژی. بەڵام بەر لەوە لە دادگا لێی مارە دەكرا و هەموو ئەمانە، هەموو ئەم موسیبەتە، لەبەرئەوەی ئەو، ئەم بێگانەیەی خۆشدەویست كە وایدەبینم ئیدی ئەوەندەیش گەنج نەبوو و بێگانەكەیش ئەوی خۆشدەویست. هەربۆیە عەشقی ئەوان بابەتی سەرەكی گفتوگۆی سەر قەنەفەكەمان بوو. ئیدی ئەمەی كە وردە وردە هەستم كرد خوشكەكەی، كە ئەویش عاشق بوو، دەبێت ئاستەنگی فرە تێپەڕێنێ تا بگاتە پیاوە خۆشەویستەكەی. بیركردنەوە لەمەی كە ڕۆژێك ئاریان زەماوەند بكات، لە ماڵ بچێتە دەر و من لەگەڵ باوكم لە بۆشایی و زوڵمەتی ژیاندا تەنیا جێبهێڵێ، لێوڕێژی دەكردم لە ترس. بە وردی خستمە ژێر چاودێرییەوەو ڕۆحم لەوە چوو كە بە چاوی خۆم بینیم.

هەستم كرد مەودامان لێدەگرێت، وەكبڵێی فكری لە جێگەیەكی دیكە بوو. درەنگتر دەگەڕایەوە ماڵێ و زووتر لە ماڵ دەچووە دەر. خۆرئاوایانی لە دەرەوەی ماڵ بە سەردەبرد و نەیدەوت چی كردووە. ئیدی وەك رابردوو نەدەنووست: هەناسەدانی نەیدەخەڵەتاندم. تەنانەت رووخساریشی گۆڕابوو.

بیرمە، یەكێك لە هەوەڵین یەكشەممەكانی ساڵی نوێی هەزار و نۆسەد و بیستویەك، پێكەوە بووین. بابە كە لەودیو مێزەكەیەوە شتی دەنووسی، تاوناتاوێ بێهەستانە سەیرێكی

دەکردین و گاڵتە و سوعبەتێکی تێدەگرتین کە ئازاری دەداین.
ئەوان لە سەر قەنەفەکە دانیشتبوون: ئاریان لە ناوەڕاستدا، لیۆداو تاتا لە ملاولایەوە. من بەرەو دەسکی لای چەپی قەنەفەکە دەخزام، پاشان بۆ لای دەسکی ڕاست، منیان لە خۆیان دووردەخستەوەو تەنانەت لە کۆتاییدا ناچاریان کردم لە سەر عەردەکە ڕابکشێم.

بابە وتی: ئاژەڵانێك هەن، کچە ئازیزەکانم، کە لە ناوکیانەوە لوولەیەکی درێژ دەردەکێشن و بەو لوولەیە نەوای حەپەسێنەر لێدەدەن.

سەیری ئاریانم کرد.

ئاریان پرسی: بۆچی بەم شێوەیە لە من ڕاماوی؟ لیۆدا، پاڵێکی پێوە نێ، بۆچی بەم شێوەیە سەیر دەکات؟ لەبری ئەم کارانە، دانیشەو پۆشکین بخوێنەرەوە. کاتێك بەمجۆرە چاوەکانت دادەپچڕی، مرۆڤ وادەزانێ دەموچاوت لە دوو نیوە پێکهاتووە. خودایە کە گەورە بیت چەندە ناحەز و دزێو دەبیت!

تاتا بە پێکەنینەوە پرچمی لە دەستی ئاڵاند:

- ناشیرین، بەڵام کاراو و شێت!

بابە لە کاتێکدا کە سەری لە سەر کاغەزەکەی هەڵدەبڕی بە خوێن ساردییەوە وتی:

- کاراو شێت، وەك خوالێخۆشبووی باوکی.

من بەردەوام لە ئاریان رادەمام و لە بەرامبەر داهاتووی خۆم

و ئەویش لە ترسان ئیفلیج بووبووم، ترسێك كە نەمدەتوانی لەگەڵ كەس باسی بكەم. دووبارە هەوڵم دا جێگەی خۆم لە بەینیاندا بكەمەوە، نارازی نەبوون، ختوكەیان دەدام و دەموچاومیان بە گۆشەی قەنەفەكان دادەپۆشی. حەزم دەكرد بزانم بۆچی ئەوەندەم خۆشئەوێ، ترسی لە دەستدانی ئەو و حەزی بوون لەگەڵ ئەو، لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت.

هێشتا ئەو خۆرئاوایەم بیرە. ئەو خۆرئاوایە، شەوێكی حەپەسێنەری بە دواوە بوو كە ئێمە دوای ماوەیەكی زۆر تەنها بووین. لەودیو پەردەكەوە خرەخری بابە دەنگی دابۆوە، زۆپاكە لە ماوەیەك پێشترەوە كوژابۆوە و ژوورەكە سارد بوو. پیانۆی كراوە، كە لیۆدا كاتی ماڵئاوایی یەكێك لە ڤاڵسەكانی شۆپانی ژەندبوو، وەك پەڵەیەكی سپی دەبینرا. جاربەجارێ شتێك لە نێو تۆپەڵی قاپە پیسەكاندا خشە خشی دەكرد: تاقەتمان نەبووبوو ئەوكاتەی شەو، ئەو هەموو كوپ و قاپە بشۆرین.

خۆم بە قاچە باریك و ساردەكانییەوە نووساند، بە ئەسپایی پرسیم:

- خۆشتئەوێن؟ زۆرت خۆشئەوێن؟
- كێ؟ دیوكۆڤەكان؟
- هەموو قسەكانی خۆتیان پێدەڵێی؟

جووڵەیەكی كرد.

- من هیچ كەسێكم نییە تا هەموو قسەكانمی پێ بڵێم.

- من كە پێم خۆشە کەسێك هەبێت تا بتوانم هەموو شتێکی پێ بڵێم، ئەی تۆ؟

پێموابوو ئێستایە کە بە گاڵتەیەك، یا شتێکی خۆش، خۆی لە شەڕی ئەم گفتوگۆیە قوتار بکات، بەڵام دیسان مکوڕ بۆوە.

وتی: دەتوانی هەموو شتێکت بە من بڵێی.

- بەڵێ، کەواتە دەبێت تۆیش ئەم کارە بکەیت.

کتوپڕ لە ژێر بەتانییەکەوە دەستی بەرەو من درێژ کرد و بە نەرمی پەنجەکانمی گوشی.

بە دەنگێکی تارادەیەك بەرز وتی:

- بۆچی گەورەتر نیت، ساشا؟ ئەگەر گەورە بوویتایە، نزیکترین هاوڕێم بوویت، باشترین هاوڕێم.

جوولەم لە خۆم بڕی. هەناسە لە سینەمدا توند بووبوو.

- ئێستا چی؟

- ئێستا، یەکەمجار تاتا و لیۆدا هەن و پاشان تۆ، بە مەودایەکی زۆر دوای ئەوان. ڕەنگە بەمشێوەیە باشتر بێت، نازانم. لە ژیاندا ساتگەلێك هەیە مرۆڤ پێویستی بە هاوڕێ نییە.

- واتا ئیدی پێویستت بە من نییە؟

- تۆ خوشکیت. جارجاری ڕوودەدات مرۆڤ پێویستی بە شتێکی دیکەیە، شتێکی تایبەت، مکوڕ. هەرچییەك بەر لەوە هەبووە منداڵانە دێتە بەرچاو.

لە سەر سیسەمەکە دانیشتم. بە ترسەوە هاوارم کرد:

- عاشق بوویت؟

یەکسەر فرمێسك بە سەر دەموچاو و دەستەکانمدا شۆڕابەی بەست.

- وسبە! چیتە؟ بابە خەبەر دەکەیتەوە. وەرە لێرە لە پەنامەوە رابکشێ.

خۆم خزاندە تەنیشتی و ماوەیەك هەر دووکمان بێدەنگ بووین. تا ئەوکاتە هەرگیز پێی نەوتبووم لە پەنایەوە رابکشێم. چەند دڵم خۆشبوو. ئیدی هیچ شتێکم نەدەویست جگە لەوەی ئەو شەوە هەر نەبڕێتەوە. گەرمایەك لە بوونی ئاریانەوە هەڵدەستا، پشتە ملی بۆنی خۆشی سابوونی لێدەهات، بۆنی عەترێکی خۆش لە قژیەوە دەهات. لە تەنیشتمەوە راکشابوو، لە جلێکی نووستنی درێژی قۆڵداردا. شان و ئەژنۆی بە نەرمی دەیاندا لە لەشم.

لە کاتێکدا کە لە هەستی ترس و بەختەوەریدا ئیفلیج بووبووم، پرسیم:

- بلێ بزانم، چ جۆرە مرۆڤێکە؟

بە تۆنێك کە وەکبڵێی قسە لەگەڵ خۆی دەکات، وتی:

- مرۆڤێکی چۆنە؟ ناکرێ بە ئاسانی بیلێی. لە شانۆ کار دەکات، دەیەوێ شانۆنامە بنووسێ، ببێتە دەرهێنەر. بەڵام ژنی هەیە و بڕیارە ئێمە بەم شێوەیە پێکەوە بژین. باش لە

مانای قسەکانی تێنەدەگەیشتم، بەڵام نەمدەوێرا بە پرسیار قسەکەی پێببڕم.

- کارێکی باش و ڕێکوپێکی نییە. پشکی ئازوقەی نییە. پێناچیٚ بابە ڕازی بێت. جگە لەمەیش، سەیروسەمەرەو تایبەتە، بیچمی هەر زۆر ناقۆڵایە. خۆت دەیبینی.

- خۆشی ئەوێی؟

ئاخێکی هەڵکێشا، لە ڕاستیدا هەناسەبڕکێی بوو.

کتوپڕ لێم دوورکەوتەوەو وەڵامی دایەوە: بەلیٚ، ساشا، خۆشی ئەوێم، منیش خۆشم ئەویٚ و بڕیارمان داوە پێکەوە بژین.

کە بێدەنگ بووین، دەنگی ترپەی دڵمان کە هاوئاهەنگ نەبوو، لە ژێر بەتانییەکەوە دەبیسترا.

لە یەککاتدا خەومان لێکەوت و من خەونێکم بینی.

ناوەڕۆکی ئەو خەونەم بیرچۆتەوە، تەنها بۆنەکەی، هەستێك کە سەراپا خەونەکەم لەوەوە ڕێسرابوو، نیگەرانی و پەشۆکانی بینینی بێگانەیەك نیشتۆتە زەینم، کە لە ژوورەکەماندا و لە نێوان پەردەکە و زۆپاکەدا دەردەکەوێت و پاشان لە کۆڵانە بەناویەکدا چووەکانی شارێکدا وندەبوو کە لە پیتەربۆرگ دەچوو. سەروبنی خەونەکەم بیر نایەتەوە، ڕەنگیشە وەك زۆرینەی خەونەکان هیچ سەروبنێکی نەبووبێت، تەنها بنچێژێکی نامۆ، گرێیەکی ڕازئامێز لەو خەونە ماوەتەوە، کە هێشتا هەست بە فشارەکەی دەکەم.

ئەم پیاوە، کە من لە خەونەکەمدا ئەوم بە مێردی ئاریان ناودەنا و ڕێکاری دەشتەکی و سادەی ئەم خەونە منداڵانەیە لە دەوری بوونی ئەو دەخولایەوە، بە شێوەیەکی ناشایەن بۆ دەرککردن لەگەڵ هەموو ژیانی ئێمە، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ڕوسیا، لەگەڵ هەموو شتە سەختەکان، ئاژەڵی و دڵەڕاوکێ هێنەری واقعیەتی چواردەورمان، لە پەیوەندیدا بوو. وادەبینرا لەگەڵ مردنی دایە، سەرما، برسێتی، مردنی براگەورەکەم کە ماوەیەك پێشتر گوللەباران کرابوو و لەگەڵ بەدبەختییەکانی کۆنتس ریدنیکا، پەیوەندییەکی لێك شەتەکدراو و ئاڵۆز و ترسهێنەری هەیە.

ناوی سێرگی سێرگیۆڤیچ سامۆییلۆڤ[14] بوو. یەکەمین جار ئەوم لە شەوێکی زستانیدا بینی. سەر لە ئێوارە زۆر دەمێك بوو تێپەڕیبوو، بەڵام وەکبلێی کۆتایی نەدەهات. ئاریان کە خۆی بۆ چوونە کۆنسێرت ئامادە دەکرد، لەبەر ئاوێنەکەدا قردێلەی کڵاوەکەی دەبەست. بابە بە ناوچاو تاڵییەوە، لە بێدەنگیدا سەیری دەکرد. دەموچاوی ئاریان شەوقی دەدایەوە، چالاك و پڕ جۆشوخرۆش بوو. هەروا کە قاچەکانی لە پۆتینی گەورەی لبادا بە عەردەکە دەکێشا، لەگەڵ من و بابە لە بارەی چەند شتێکەوە قسەی دەکرد. زەنگی دەرگاکە لێیدا، بەپرتاو ڕۆیشت و بە دەم ڕێوە وتی کەسێك هاتووە بە شوێنیدا، ناوی سێرگی سێریگیۆڤیچە، لە هاوڕێیانی ئەندرێ زۆنکۆڤی

14 - Serge Sergueevitch Samoilov

شاعیر و هاوڕێی نزیکی ڤێرا سێرگیۆڤنایە.
بابە بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش پرسی: دەزگیرانتە؟

من لە هەمان مامەڵەی سەرەتاوە تێگەیشتم ئاریان مەکۆی خێزانی جێهێشتووە، چشێ لە جیهانی سوپاییەکان و کارمەندان کردووەو تەنها لەگەڵ ڕۆشنبیران ئاموشۆ دەکات، کەسانێك کە لە زانکۆ، مۆزەخانەکان، کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی یا شانۆ چکۆلەکان دەکرا بیانبینی. هەموو بەدبەختییە چکۆلە و گەورەکانمان ئەوی بۆ پانتایی دەریا، بەرەو کەنارێکی دیکە، بۆ لای سامۆییلۆڤ ڕاکێشابوو. پێموایە بابەیش لە هەمان ساتەوە لەوە گەیشت. ئاریان بەرلەوەی سامۆییلۆڤ بە بابە بناسێنێ، بە بزەیەك سڵاوی لێ کرد. وەستاو و بێ جووڵە لە قوژبنێکدا، لە پشت زۆپاکەوە، نزیك دۆلابەکە، چاوم لە ئەوان بڕیبوو و دنیام تەواو لە بیر کردبوو.

سامۆییلۆڤ تەمەنی نزیکە سی ساڵ بوو. پێست کاڵ و پشت کۆماوە بوو، بە لووتێکی سوور، ددانی خراپ و کەل، نیگایەکی زیرەکانە و چاوانی تیژ. پیاوێکی گەنج بوو بێ کەمترین نیشانەیەك لە پەروەردە کە بایەخێکی بە ئەوانیدی نەدەدا، قسەی دەکرد بێئەوەی گوێ بگرێت، کتوپڕ دەهاتە ژووری و هەر کاتێك بیویستایە دەڕۆیشت. هەمیشە نەیدەتوانی مەودای خۆی لەگەڵ خەڵکی بپارێزێ، دۆخێکی لاسارانە لە شانە داچەکاو و ناوچەوانە هەڵتۆقیوەکەیدا هەبوو. بە بلووزی خوری فشوفۆڵ و خۆڵەمێشی و پاڵتۆ

بەردارەکەیەوە، بێئەوەی کڵاوەکەی لە سەر بکاتەوە، وەستاو چاوەڕێ بوو ئاریان دەستکێشەکانی لە دەست بکات.

بابە دوای خولەکێك وتی: بۆ ئەوەی درۆیەك لە بەینماندا نەبێت، دەبێت بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە پێت بڵێم، ئاریان چاوێکی شووشەیە. ئاریانە چکۆلەکەی من، لە منداڵیدا ڕووداوێکی ئاوها دڵتەزێنی بەسەر هات! بەڵام کارێکی لێوەشاوانەیان لە سەر چاوەکەی کرد، تەنانەت تۆ هەستیشی پێناکەیت کام چاوەی دەستکردە.

سامۆییلۆڤ بە کونجکۆڵییەوە سەیری دەکرد.

بابە لە کاتێکدا کە ئامادە بوو بۆ گفتوگۆیەك، بەوپەڕی ئاسوودەییەوە لە سەر قەنەفەك پاڵکەوی، کتوپڕ بە نەرمە پێکەنینێك پرسی: کاری بەڕێزتان چییە، هاوڕێ سامسۆنۆڤ[15]؟

بەڵام ئیدی سامۆییلۆڤ و ئاریان لە سەر ڕۆیشتن بوون. دەموچاوی ئاریان دەدرەوشایەوە، نەدەناسرایەوە.

سامۆییلۆڤ بە مکوڕی تەواوەوە وتی:

- دەمەوێت کاری دەرهێنەری بکەم، هەموو جۆرە شانۆنامەیەك، دەمەوێت لە کاری شانۆگەریدا سەرکەوتووبم، کاری چکۆلەی کۆمیدی دەنووسم، هەوڵی خۆم دەدەم، هەر ئێستاکەیش بارودۆخم خراپ نییە. لە سفرەوە دەست پێناکەم. شانۆگەرییە شیعرەکانم لە هەموو جۆرەکانیتر بە

15 - Samsonov

لاوە پەسەندە.

دوور لە ئەوان لە سووچێکدا، لە پشت دۆلابەکەوە وەستابووم و بە چاوی حەپەساوەوە سەیریم دەکرد.

کتوپڕ پرسی:

- ئەمە کێیە؟ کچە یان کوڕە؟

لەبری دەستی، پەنجەی بەرەو من راگرت.

بە دەنگێکی بەرز وتم: کچ.

بێئەوەی تۆنەکەی نەرمونیانتر بکات، پرسی:

- بە دڵنیاییەوە ناوت ئیرا یا بۆ نموونە گیڕایە؟

بە تۆنێکی پتەو وەڵامم دایەوە:

- نا، ناوم ساشایە.

کتوپڕ تۆنەکەی خۆمانەیی و گەرموگوڕ بوو و هاواری کرد:

- سڵاو ساشا.

پاشان هات بۆ لام و دەستی گرتم و رایوەشاند.

دوای خولەکێك ئەوان ڕۆیشتبوون.

بە لە خۆبایی بوونەوە وتم: سڵاو، سامۆییلۆڤ. بەڵام نازانم دەنگمی بیست یا نا.

بابە سەیری لای منی نەکرد. ئەو پەرداخە شینەی هەڵگرت کە لە سەر دەستشۆرکە بوو و بۆ شۆردنی ددان سوودمان لێوەردەگرت و لە ئاوێنەی کوورەکەی گرت. دەنگێکی ترسناك هات، پەرداخەکە بووە هەزار پارچەوە و بە گۆشە و

کەناری ژوورەکەدا بڵاوبۆوە. دەرنەکەوت چۆن، بەڵام ئاوێنەکە ساغ مایەوە. لە سەر رووی دووکەڵ گرتوو و تاریکی، بەردەوام چراکە، بریقەی کاغەز دیوارییە زیوییەکە و دەرگای داخرا و ئەملا و ئەولام دەبینی. بابە چووە پشت پەردەکەوە، لە سەر قەرەوێڵەکەی راکشا و لە پێکەنیندا تەقییەوە، رەنگیشە هەنسکی گریان بووبێت: قەت نەمتوانی جیاوازی ئەو دوانە دیاری بکەم. شەو ئاوێنەکە وردوهار بوو.

ئەو شەوە، ماوەیەکی پێچوو تا خەوم لێکەوت. کۆنتس ریدنیکا لە پەنا سیسەمەکەوە دانیشتبوو و شاڵێکی رەنگ ئەرخەوانی گوڵنکەداری دەچنی. ئازایەتییەکی زۆرم بەکاربرد تا فرمێسك نەرژم و سەری دەردەدڵ دانەمەزرێنم.

کۆنتس دەیوت: بەڵێ، منداڵی جوان، ئەو شەوە لە دورگەی ئەنتیل یەکەمین جار بوو لەگەڵی رۆیشتم. ئۆتۆمبیلێکی جوان لەو خوارەوە چاوەڕێی دەکردین. من کراسێکی مۆزلینی یەخەدارم لەبەردابوو، رەنگ کارەبایی. ملوانکەیەکی ئەڵماس و یاقووتی شینیشم هەبوو. ئەو کاتە باوبوو قژمان پەلك پەلك بکەین، پەلکەکانیشمان عەتراوی دەکرد. قژمان رێکدەخست، شانەی داری نەخش لە سەر هەڵکۆڵراو، هەڵکۆڵینی جوان، جەوهەر نیشان، بە ئەڵماسی ساختە.

کە کۆنتس ریدنیکا رۆیشت، ماوەیەکی زۆر سەیری ئەو شوێنەم کرد کە لێی دانیشتبوو، چاوەڕێی ئاریان بووم. ئاریان کاتێك گەڕایەوە من خەوم لێکەوتبوو. هەستی خزانی کەسێك

بۆ ژێر بەتانییەکە خەبەری کردمەوە. دەنگ و دەستەکانی دەلەرزی، بە سرتە وتی:

– ساشا، ساشان بنوو، نانووی؟ بۆچی؟ بنوو. وەرە باوەشم. داوای لێبوردن دەکەم، نازانم چیم بە سەر هاتووە. خۆیشم سەری لێدەرناکەم.

بەڵام من لە باوەشم نەگرت، لەگەڵ ئەو نەگریام. ئەو شەوە دڵم رەق بووبوو و تەنانەت بە جۆرێك چێژم لە بێ هەستی خۆم وەردەگرت. خۆم گرمۆڵە کرد، بەرەو دیوارەکە کشام و وامنواند خەوتووم.

وەك پێشوو رۆژەکانم بە شۆردنی جلەکان، وەستان لە ریزدا، کڕینی شەکر لە بازاڕی رەشی حەوشەی سێیەمی کۆڵانی ترۆیتسکی[16]، چوون بۆ ژێرزەمین بۆ هێنانە سەرێی ئەو پارچە دارانەی کەسێك لێی دەدزین و فرمێسك رشتن لە کاتی ژماردنی دارەکاندا، تێدەپەڕی. ژیانێکی سەخت، سارد و تاریك، واوەتر لە تاقەت و توانام. سێیەمین زستان، درێژترین، دڵگیرترین. ئاریان بەردەوام دەیوت: (دانیشەو پۆشکین بخوێنەرەوە)، دەستی بابە کە لە باڵی ماسی دەچوو و بەردەوام لە سەر ئەو مێزە بوو کە لە پشتییەوە دادەنیشت و راماو لە بەرامبەری و شتی دەنووسی و نانی دەخوارد. بەڵام ئیتر خۆرئاوایانمان وەك پێشوو نەبوو: ئاریان هەموو رۆژێك دەچووە دەرێ، لە راستیدا دوای کار هەر نەدەگەڕایەوە

16 - Troitsky

ماڵێ. کاتێك دەگەڕایەوە ئێمە نووستبووین و هەندێك جار گەڕانەوەی خەبەری دەکردمەوە.

شەوێك لە سەرەتای مانگی ئازاردا (لەگەڵ یەکەمین توانەوەی بەفرەکان، من سەرما لێدراو و بە پەڕۆیەکی تەڕ لە دەوری ملمەوە، لە ماڵەوە کەوتبووم)، لەبەرئەوەی بابە لە ماڵەوە نەبوو، سامۆییلۆڤ دیسان هات بۆ لای ئاریان، دووەمین و دوایین جاربوو. تەنیا نەبوو. زۆنکۆف و ڤیرا سێرگیۆنایشیان لەگەڵ بوو. هەر چواریان ئەو چایەیان خواردەوە کە من لە سەر زۆپاکە لێم نابوو، نانی بۆریان خوارد، جگەرەیان کێشا و قسەیان کرد.

ئەو شەوە، بۆ نموونە ژوورەکەمان کەشێکی گەرم و خۆشی هەبوو. تابلۆیەکی شاد بە رەنگی زیندوو، کە یەکێك لە هاوڕێ شێوەکارەکانی ئاریان پێشکەشی ئەوی کردبوو، ئاوێنە درزبردووەکەی دادەپۆشی و لە سەر گڵۆپەکە تەیبڵلامپێکی نوێ هەبوو کە خۆمان دروستمان کردبوو. سەرمێزێکی خاوێن بە سەر مێزەکەدا درابوو و لە ناو ئینجانەکەدا گوڵێکی گەورەی پەمەیی وشکەوەبوو، سروشتی یا دەستکرد، نازانم.

ئاریان بە نۆرە منی بە میوانەکان دەناساند و دەیوت: ئەمە ساشایە، منیش نابەڵەدانە دەستە سوورەکەم درێژ دەکرد، خۆیشم بە هۆی کۆمپرسکەی ملمەوە سوور بووبوومەوە.

پاشان بە کاوەخۆ جلەکانم داکەند و ڕاکشام. میوانەکان بێئەوەی کەمترین بایەخ بە من بدەن، بەردەوام بە دەنگی بەرز

چەنەبازییان دەکرد، چاییەکەیان دەخواردەوە، بەشی برژاوی نانەکەیان دەخوارد و شیعریان دەخوێندەوەو گفتوگۆیان دەکرد. ئاریان وەکبلێی بووبووە مرۆڤەکەی پێشوو، جگە لەوەی کە بینینی جگەرە بە دەستە ناسکەکەیەوە و ئەڵقەی قژی لکاو بە دەموچاوییەوە، خراپ ئازاری دەدام.

ڤێرا سێرگیۆڤنا، کەڵەگەت و لەر، جوان، سەرباری چاوە خێلەکانی، لە ئەوانیدی کەمتر قسەی دەکرد، بەڵام من هەستم دەکرد ئەو گفتوگۆکە هەڵدەسووڕێنێ. زۆنکۆف و سامۆییلۆڤ یەکتریان بە تۆ بانگ دەکرد. زۆنکۆف شیعری زۆر خوێندەوە، دیاربوو شیعری خۆی بوون. بە دەنگەوە شیعرەکانی دەخوێندەوە، ئەمەیش دەبووە هۆی ئەوەی سەرسووڕهێن بێتە بەرچاوم. تازە قسەکانی تەواو بووبوو کە سامۆییلۆڤ سەری قسەی بە دەستەوە گرت، دەنگی ئەویش خۆشبوو. بێدەنگی باڵی کێشا و گوێمان بۆ رادێرا، بەڵام کتوپڕ وەستاو وتی ئیدی ناتوانێ بخوێنێتەوە.

قسەی ناوێ، سامۆییلۆڤ دەیتوانی هەرچییەکی بوێ خەڵقی بکات، بەڵام کێش و سەروا دانان بۆ دوو وشە، بەڕاستی ئەمەی نەدەزانی. وێڕای ئەمەیش، روون بوو لە زەینیدا شتێك هەیە کە وێناکردنی مادی بەخشین پێی بۆ ئەو گرنگە، کە ئازاری ئەو دەدات، کە رەنگە ماوەیەکی زۆرە گەیشتووە، پارچەیەك کە تەنانەت ناونیشانێکیشی بۆ دانابوو:

# پاڵتۆ دراو

پاڵتۆکەمان لە باوەڵێکی کۆنە دەرهێنا کە لە ماڵی باوەگەورە مابۆوە. بۆنی نەفتالینی لێدێت و زیاد لە رادە گەورە دێتە بەرچاومان. لەبەرئەوەی پیاوانی زەمانی زوو بەهێزتر بوون. سەیرە! بەگشتی دراو! سەرباری کۆن بوون و کەروو لێدانی، بەشکۆیە. دەتوانی سەرتاپا خۆتی پێداپۆشی و لە سەرما پارێزراو بمێنی. دەبێت بیدەیتە بەر هەوا، ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ لە باوەڵەکەدا ماوەتەوە.

سالانێك لەو کاتە تێدەپەرێ، لە دارستانەکانی مەنچوری[17]دا، لە نزیکی پۆرت – ئارسەر[18]، باوکانی ئێمە، من و تۆیان بەم پاڵتۆیە داپۆشیبوو. ئێمە بچکۆلە بووین، لە سەوزەلانییەکانی ولاتی کۆریادا هەستمان بە سەرما دەکرد. باوکانمان لەوێ نەگەرانەوە، دایکانمان تەنها لەگەڵ ئێمە هاتنەوە. ئەوان بە چاوی خۆڵەمێشی و قژی کاڵەوە، ئێمە، من و تۆیان گەورە کرد. پاشان، موسیبەتی روسیا بە سەر ئەواندا نازڵ بوو و بەرگەی ئەم هاوین و زستانانەیان نەگرت. ناشتمانن و خاچێکی سادەی تەختەمان لە سەر مەزارەکەیان دانا.

ئێمە بەلای زۆرمان تێپەراندبوو. لە هیچ شتێك نەدەترساین و موسیبەتی دیکەیشمان لە پێشەوە بوو. دوعاکانمان

17 - Mandchourie

18 - Port-Arthur

له بیرکردبوو. ژیان ئومێدەکانی لێسەندبووین. دوعا و ئومێدەکان له نێو ئێمەدا بارگەیان تێکنابوو، بێگەڕانەوە. تۆ چەندین جار قاچە چکۆلەکانت لەم پاڵتۆ کۆنەیەدا داپۆشی. من چەندین جار خۆم لە ژێر لۆچ و چینەکانیدا شاردەوە تا بۆ سەرگەرمکردنت چایلد هارۆلد[19]ی رابردوو نمایش بکەم. پێم بڵێ، ئایا هەر بەم پاڵتۆیە نەبوو کە یوسف لە رێگەی میسر، لەشی مەریەم و عیسای داپۆشی؟ رەنگیشە پاڵتۆکەی دۆنکیشۆت بێت؟ لەوەیە هی خودی خودا یا سێرڤانتێس بووبێت؟ بیرتە، ئەوەی لە دەوری قۆڵە براوەکەی دەئالاند، دەیخستە سەر چاوە نابیناکەی، ئێمە بە گریانەوە شوێنی دەکەوتین و ئیتر ئەو نەیدەتوانی ئێمە ببینێ. یا رەنگە پاڵتۆی شالیر بێت کە بە نێو ئەو باهۆزە ناسراوەدا چنگ لە سەرشان دەرۆیشت.

ئەمرۆ، سەردەمێکی دیکەیە. دەبێت من بۆ لایەك برۆم و تۆ بۆ لایەکی دیکە. ئێمە ئەم پاڵتۆ کۆنە دەکەینە دوو کەرتەوە. ئێستا ئیدی رەونەقی نەماوە، کۆن بووە، بەڵام چ باکمانە! من خۆم لە پانوپۆڕی مەملەکەتی دڵگیر و بێبەزەیی

---

١٩- Harold Child، پیێدەڤێ مەبەست شیعرە ناسراوەکەی لۆرد بایرۆن بیێت، سەردانی ڤایلد هۆرلد (Pilgrinage Horlds Child) کە لە نیێوان سالانی (١٨١٢-١٨١٨) ڤاپکراو راڤەی گەشتەکانی گەنجیێکە کە بیێزار لە ژیانی پڕ عەیش و نۆشی خۆی، لە گەران بە شویێن تازە و نەناسراوەکاندا، دەڤیێتە مەملەکەتە دوورەکان. پاڵەوانی ئەم ڤامەیە گوایە بەرجەستەکەری نائومیێدی و بیێزاری نەوەی دوای شۆڕشی فەرەنسییە.

خۆمدا وندەکەم. نەك لەو رووەوە کە خۆشم دەوێ، ڕێگەیەکی دیکە نییە لە بەرامبەرم. ماڵئاوا!

تۆ نیوەکەی دیکەی ئەم جلە دوو هەزار ساڵەیە هەڵبگرە و هەڵێ، دوور لێرە، دوور لە من، دوور لە ئێمە. پەلەکە، بیئەوەی ئاوڕ بدەیتەوە، ئازیزم، ئەودیو دەریاکان و کوێستانەکان، بەرەو مەملەکەتەکانی تر تێتەقێنە. ڕێگە بە ترس مەدە لە تەنیا مانەوە، لە هەتیو کەوتن. وەك باڵندەیەك، هەر وەك با بژی. بوونی گەنج و ناسك قوتار بکە! برۆ بۆ ئەفریقا، ئوسترالیا، ئاسیا، یەکێك لەو دوو ئەمریکایە بکە بە هی خۆت. لەم مەملەکەتە تۆقێنەر و شوومە هەڵێ.

لەو کاتەدا کە داتپۆشیوە

رووخسارە جوانەکەت

بەم کۆنە جلە

بە دڵنیاییەوە من تایەکی توندم هەبوو. دەنگی بەرزی سامۆییلۆڤم دەبیست. کە قسەی دەکرد تۆزێك خۆی بادەدا.

جارجارێ لە سێ هەنگاودا دێڕێکی دەوت، وەك: (بەڵام ڕێگەیەکی دیکەم لە بەرامبەر نییە) و لە کۆتاییدا (یەکێك لە دوو ئەمریکاکە)، بەڵام نەیدەتوانی شیعر بڵێت و بە دڵنیاییەوە هەرگیز شیعرێك لە بوونی ئەوەوە لە دایك نەدەبوو. وێڕای ئەمەیش، لە تاریکورِوونی ژوورە گەورەو دووکەڵ گرتووەکەدا، ئەم شیعرە چەند خولەکێك ژیا و تەنانەت دوای ئەوەی کە سامۆییلۆڤ بێدەنگ بوو، سێ گوێگرەکەی و منیش، کە

چوارەم بووم، بەردەوام هەستمان بە لێدان و کێشەکەی دەکرد.

زۆنکۆڤ وتی: جوانە، زۆرجوانە، پێشکەشی منی دەکەیت؟

سامۆییلۆڤ وەڵامی دایەوە: بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، هەر چیت پێخۆشە لێی بکە.

بێدەنگییەك کەوتەوە کە بە بۆچوونی من بێکۆتایی دیاربوو، دەنگی زرنگانەوەی گوێکانم دەبیست.

بایەکی گەزەر دەموچاومی ئازار دەدا. پیتەربۆرگی ئەو ساڵانە لە روانگەمەوە لە نەخشەیەك دەچوو کە ئەندازیارێك لە سەر بەفر کێشابێتی. لە یەکتربڕی دوو جۆگە بەستووەکەدا، لە نزیك قوتکەی پردێکی بەردینی چکۆلە، پۆستەرێکی گەورەم دەبینی: دوو هەزارەمین جار بوو کە لە هۆڵی شانۆ، شانۆگەرییەکی سامۆییلۆڤیان نمایش دەکرد. با یاری بە پۆستەکەرەکە دەکرد کە لە پاڵتۆیەکی کۆنەی دراو دەچوو. لە نێو کونەکانی پاڵتۆکەوە، ئاوابوونی گوڵ ئاسای خۆر دەبینرا. لە ژووری دووکەڵ گرتوودا، لە سەر بەستێنی ئاوابوونی گوڵئاسای خۆر، شیعریان دەخوێندەوە. کەسێك بە ئەنقەست و لاسارانە شیعرەکانی نادروست دەخوێندەوە و ڤێرا سێرگیۆڤنا، بە رەنگی پەریو و چاوە خێلەکانییەوە، هەرچەند شیعر خوێندنەوەکەی زۆنکۆڤی راست دەکردەوە، ئەو دیسان بە شێوەی خۆی دەیخوێندەوە:

ئێمەی کورانی ئەلیکساندەر بلۆك[20]
توانای فەرامۆشکردنی...

فەرامۆشکردنی چی؟ ئەو هەتوانگە ساردەی کە دایکمی لیێ مرد؟ قووتی رۆژانەمان، ئەم نانە قورسە نەبرژاوە، کە مرۆڤی دەخستەوە بیری خۆڵە سوورە؟ ئەو ئەستێرە سەوزە تاقکەوتووە کە مانگی ئایاری رابردوو لە گۆرەپانی سەنا دەدرەوشایەوە؟... من خۆم ئەم ئەستێرەیەم بردە خەونەکەمەوە، وەکبڵێی دزیبێتم.

زۆر لە شەو تێپەڕیبوو کە چاوەکانم هەڵهێنا. گڵۆپەکە هەڵکرابوو. بابە بە فانیلەی عەلاگە و شۆرتەوە، وەستابوو و پاڵی دابوو بە پەردەکەیەوە و شتێکی دەوت. ئاریان بە قژی پەرێشان و روومەتی سوورەوە لە نزیك مێزەکە دانیشتبوو و دەستەکانی لە سەر درێژ کردبو. ژوورەکە بە شێوەیەکی سەیر تێکچرژابوو. بێئەوەی بجووڵێم، چاوەکانم نووقاند.

بێئەملاوئەولا بابە دەیەمین جار بوو کە دەیوت:

– ئەگەر مەبەستێکی خراپی نییە با واز لە خۆ شاردنەوە بهێنیێ. بێتە پێشیێ، زەماوەندت لەگەڵ بکات. بۆ کویێ دەچن؟ بۆ کوێت دەبات؟ بەڕاست ئەم پیاوە کێیە؟ وەڵام بدەرەوە. ئەم پیاوە کێیە؟ هونەرمەندە؟ چپەدووە[21]؟ نەکا جادووگەر بێت؟

---

20 - Alexander Blok

٢١- ئەو کەسەی لەودویو پەردەی شانۆوە دیالۆگەکان بە شانۆکاران دەڵیێتەوە. (و.ك)

ئاخر کەسێك بڵێ سەروکارم لەگەڵ کێیە؟

هەناسەی لە بەر خۆی بڕی، بەڵام ئەمە ئاریان بوو کە هەناسەی نوێ کردەوە، بە هێمنی وتی:

- من تا چەند خولەکێکی دیکە لەگەڵ ئەو دەڕۆم. بڕیارە بەمشێوەیە پێکەوە بژین، لەبەرئەوەی ئەو ژنی هێناوە.

بابە وتی: سەیرە. پاشان بێدەنگی لە ژوورەکەماندا بووە فەرمانڕەوا. ترسام. چاوەکانم نووقاند و لە سەر سیسەمەکە دانیشتم. لەو ساتەدا، لە دنیادا هەستم بە عەشق بۆ هیچ کەسێك نەدەکرد. ئاریانیش لە روانگەمەوە نامۆی نامۆ دیاربوو. ئاشکراکردنی ئەم راستییە لە پێی خستم. بێئەوەی شتێك بڵێم سەیری چواردەوری خۆم کرد و فرمێسکم شۆڕابەی بەست.

ئەم گۆڕانەی من لە چاوی ئەو نەشارایەوە. بۆ سبەی شەو — دوایین شەوێك کە لەگەڵ ئێمە بەسەری برد — لەگەڵ من تەنیا بوو، وەك رابردوو، بەڵام تارادەیەك هیچ قسەیەکی نەکرد. کەلوپەل و پێداویستییەکانی دەکردە جانتایەکی خێمەوەو بە جۆرێك رەفتاری دەکرد وەك ئەوەی من لەوێ نیم، تەنانەت نەیدەوت بۆچی خەریکە دەڕوات، وەکبڵێی هەموو شتێك روون بوو. من لە تەنیشت پەنجەرەکەوە وەستابووم.

پرسیم:

- بەم زریانە بۆ کوێ دەچیت؟

بەفرێکی ئاودار بوو و بە کلووی گەورە دەباری.

وەڵامی دایەوە.
- بۆ جێگەیەکی دوور نارۆم، کاتژمێر چەندە؟
دە خولەکی دەویست بۆ شەش.
- ئەم نامەیە بدەرە دەست بابە.
هەستم کرد شتێك لە بوونمدا بە توندی جووڵا.
پرسیم:
- کەواتە ئیدی قەت ناگەڕێیتەوە؟ ئەی راسپێری من چی لێدێت؟
- خودایە تۆ چەندە گەلحۆی! تۆ دێیتە لای من.
- راست نییە، شتی وا نابێت.
دانیشت و دەموچاوی لە نێو دەستەکانیدا شاردەوە. وەکبڵێی بۆ روونکردنەوە و ئەمەی کە پیشانی بدات ئەم قسانە رووەو من نییە، وتی:
- من تێگەیشتم، تێگەیشتم کە ژیان نە ئەمەیە (ئاماژەی بۆ ژووەکەمان کرد)، و نە تۆ، نە ئەو (ئاماژەی بۆ پەردەکە کرد). ژیان شتێکی دیکەیە، هیچ پەیوەندی بەم بارودۆخەوە نییە.
کتوپڕ وتم:
- ژیانی سامۆییلۆڤە بە پاڵتۆ دڕاوەکەیەوە.
پێکەنی.
- بەڵێ، هەمان پاڵتۆی دڕاوە. رۆژێك تۆ من و ئەم قسانە و ئەمشەو بە بیردەهێنییەوە. وانییە، ساشا؟

بە دەنگێك كە بە سەختی شایەنی بیستن بوو، وتم:
- مەڕۆ، مەڕۆ ئاریان. كارەكان بە جۆرێكی دیكە ڕێكبخە.
- بە جۆرێكی دیكە ناتوانم.
دەركم نەدەكرد. لە سەر لاوانەی شەختە بەستووی پەنجەرەكە هەنسكم دەدا و ئەو قژی ماچ دەكردم و باوەشی پێدا دەكردم. نە بیرمە چۆنچۆنی ماڵئاواییمان لە یەكتری كرد، نە چۆن لەبەر رووناكی گڵۆپێك كە لە سەر بنمیچەكە دەدرەوشایەوە و لە بێدەنگییەكدا كە رۆحمی دەرووشاند، تەنها مامەوە. بابە ئاسایی درەنگتر لە هەمیشە گەڕایەوە. خۆم بۆ هەڵدا. دوو هەنگاو دوور لە منەوە وەستا.
- نامە، نامەی بۆ جێهێشتووی، بابە.
دیسان بە تۆنێكی توند وتی:
- سەیرە! ئەم نامەیە سەبارەت بە چییە؟
هەستم دەكرد سەراپا دەموچاوم لە ژێر نیگایدا دەلەرزێ.
دواجار وتم:
- باوكە، رۆیشتووە.
- سەیرە! كەواتە خوێندنەوەی نامە كەڵكی چییە؟ ئەگەر كار لە كار ترازاوە، ئیدی ماندووبوونەكەی ناهێنێ. گرنگ ئەو كارەیە كە بووە، خودی كارەكەیش دەزانین چییە. نامە بە دۆزەخ!
بە نووكە قاچێك، دەرگای زۆپاكەی كردەوەو نامەكەی

فڕێدایە نێو بڵێسەی ئاگرەکەوە. بێئەوەی کڵاوەکەی، پێڵاوە لاستیك و پاڵتۆ بەفراوییەکەی داکەنێت، چووە پشت پەردەکەیەوە، خۆی هەڵدایە سەر قەرەوێڵەکەی و جووڵەی لە خۆی بڕی.

تا چەند ڕۆژێك خەموخەفەتمان شاردەوە. لە کۆتاییدا، کۆنتس ریدنیکا هاتە کنمان تا "پێکەوە بگرین".

دووکەڵی پایپەکەی دەردەدا و دەیوت:

- ناکرێ، ناکرێ کارێکی وەها بکەیت. گەنجی گوڵە، عەشقە، جوانییە. بەڵام هێشتا هیچ نەبووە ژیانێکی ناشیرین گوڵەکان هەڵدەکەنێ و چرۆکان هەڵدەوەرێنێ... موسیبەتی بابە وەسف ناکرێ.

گێژ دەبووم لە بەرئەوەی هەر هیچ سەرم لە قسەکانی دەرنەدەکرد.

ئاریان لە هەمان گەڕەك، لە کۆڵانی رازززژایا[22] ئاکنجی بوو و ئەو ساڵە دوو جار تووشی بووم. قردێلەیەکی مەخمەڵی لە ملی ئاڵاندبوو و کڵاوێکی پێستەی بۆ خۆی دروستکردبوو. هەموو جارێك خۆی ئۆخژن گرتوو و شاد پیشان دەدا، ماچی دەکردم، لێی دەپرسیم چی دەکەین، ئایا من دەچم بۆ خوێندنگە یا نا، ئایا ئەوم بیرە یا نا (وەکبلێی دەمتوانی ئەو لە بیر خۆم بەرمەوە، گوایە تەمەنم پێنج ساڵ بوو نەك یازدە ساڵ). بەڵام ئەو هەستیارییەی کە هەمیشە بە من هەیبوو، لە ناو

22 - Razezzjaia

چووبوو. ئیدی وەك خەڵکانێك قسەی لەگەڵ من دەکرد کە لەگەڵ منداڵ رانەهاتوون. من بۆ ئەوەی ئەو حاڵی بکەم ئیدی ئەو کچە بچکۆلەیە نیم کە ئەو دەیناسی و لە پەنایەوە لە سەر تاقە قەنەفەکەمان دەنووست، پۆزم لێدەدا: دەچووم بۆ خوێندنگە، کتێبم دەخوێندەوە، ئیتر ژیان سمبولێکی نەبوو بۆم و لە شتانێکی زۆر تێگەیشتبووم. بەمشێوەیە لە کونجێکی شەقامی نزیك پەراوگەکە دەماینەوەو هەر یەکەمان ئەویدیکەمان دەخەڵەتاند.

من دوای ماوەیەك بەراستی چوومە خوێندنگە. دواتر ئاریان گوێزایەوە بەرەو لاکەیتری رووبارەکە. دوای ساڵێك، پوورم، خوشکی باوکم، ئێمەی برد بۆ فەرەنسا. ئەو پێڵاوانەی دەوڵەت دابووی لە پێماندا و ئەو پاڵتۆیەی کە لە قوماشی جلی بەکارهاتووی سەربازی دروستکرابوو و ئەو بلووزەی کە لە چەرچەفە کۆن دروابوو لە بەرماندا، یەك سەبەتە قاپی فافۆن و جانتایەکی پڕ لە گۆشە و پشتی بە دەستمانەوە، چووینە پاریشەوە.

# ٢

پاریس، پاریس. وشەیەك كە ئاوریشم، ڕێكپۆشی، دڵنیایی و ئاهەنگ وەبیردەهێنێتەوە، شتێكی درەوشاوە و لە كوڵ وەك شامپانیا. شارێك كە لەوێدا هەموو شتێك جوان، شاد و مەستكەرە. سەیری هەر شوێنێك دەكەیت دانتێل دەبینی، لە هەر هەنگاوێكدا دەنگی خشەخشی تەنوورەیەك دەبیستی. لەگەڵ ئەم وشەیە گوێكان دەزرنگێنەوەو چاوەكان تاریك دادێن. من دەچم بۆ پاریس. ئێمە دەچینە پاریسەوە. ئێستا ئێمە لە پاریس دەژین... بەڵام ئەوەی من لە هەوەڵین ڕۆژەوە لە پاریس بینیم، كەمترین وێكچوونی لەگەڵ ئاوریشم، دانتێل و شامپانیا نەبوو.

وێنای بکەین دواجار مرۆڤێك پێ بنێتە سەر مانگ. ئەو چاوەڕێیە بیابانێکی پانوپۆڕ و ترسناك ببینێ، کوێستانگەلی بێگیان، کانیی بەرد و ئاسمانێك کە لە هیچ ئاسمانێکی دیکە ناچێت. کتوپڕ هەستەکات دیواری کۆنکریتی خانووەکەی هاوسێ هێشتا بەرامبەر ئەو ماوەتەوە، کە باران دەباری، کە بۆنێکی ناخۆش لە حەوشەکەوە هەڵدەستێ. کاتێك من لە پەنجەرەی شووقەکەمانەوە لە پاریس سەیری دەرەوەم دەکرد، وادەهاتە بەرچاوم هیچ شتێك نەگۆڕاوە. حاڵوباری دەوروبەری شارێکی گەورە بوو بە ژنانێکی زۆر کە دەرۆزەیان دەکرد و هێشتا تەمەنێکیان لێنەڕۆییبوو، پیر بووبوون، کۆڵانێکی تاریك و بێدەنگ کە لەوێدا دووکەلی زۆپای دوکانێکی شتن و ئوتوو و وشکردنەوە بە هەوادا بەرز دەبۆوە و سەردەرگای شینی دوکانێکی لوولەکێشی بەرچاو دەکەوت. لە نهۆمی سەرەوە، پەنجەرەیەك بە پەردەی تۆڕیی دراو و لەودیو پەنجەرەکەوە، پیرەمێردێك کە تاقمی ددانەکەی دەخاتە دەمە زلە پڕ تفەکەیەوە. سەرووتر، قردێلەیەکی ناسك، نمونەیەکی چکۆڵە لە ئاسمانی شوێنەکە، خۆڵەمێشی و مات. کۆڵانێك وەك هەمان کۆڵانەکان، هەژار و کشومات، کە کچێك تارادەیەك بە ناشیرینی من (رەنگیشە خودی من بە سەبەتەکەمەوە) لەوێوە دەڕوات. لە کونجێکی سەبەتەکە، پارچەیەك گۆشتی گا، سوور و سفت. کرێکارێك تێدەپەڕێ، بە بتلێك شەرابەوە کە گیرفانی چاکەتەکەی ئاوساندووە،

دووباره هیچ شتێك، هیچ كەس. وژەوژێكی كز لە كارگەیەكی سۆسیس دروستكردنەوە هەڵدەستێ. تاوناتاوێ هەراوزەناكە توندتر دەبێت، لەبەرئەوەی دەرگاكان دەكەنەوە. لەم كاتەدا لە هەموو گەڕەكەكەو تەنانەت لە ماڵی ئێمەیش، بۆنێكی ناخۆش و هێڵنج هێنەر بڵاودەبێتەوە.

من ساڵانێك لەو كۆڵانەدا ژیام، نەك ساڵێك، سێ، پێنج یا تەنانەت دە ساڵ. من لەوێ شازدە ساڵم بە سەیركردن لە پشت پەنجەرەوە، بە هەڵمژینی دووكەڵی ڕەشی كارگەوە بەسەربرد. ساڵانێكی هاوشێوەی یەك، كە دەكرا یەكیان بخەیتە بری ئەویتریان، باندۆڵێك لە جۆلانێدا لە نێوان بەهار و هاوین، پاییز و زستاندا كە لاكێشەی یەك ڕیتمی كاتی دروست دەكرد و من لە ناویدا هەروەك كەسێك كە لە قەفەس دایە، بە سووكایەتییەكی یەكسان گوێم لە هەراوزەنای كارگەكە و بێدەنگی یەكشەممان دەگرت. بینیم كە هەندێك لە شتەكان پەژموردە بوون، ژەنگ لێی دان، كاڵ بوونەوە، بینیم كە سەردەرگا شینەكەی دوكانی لوولەكێشییەكە بریقەی نەما. هەندێكی دیكە بە پێچەوانەوە، نۆژەن كرانەوە، شۆران و دووبارە بۆیە كرانەوە. بەڵام لە ماڵی ئێمە كە هەموو ڕۆژێ دەنگی گوێكەڕكەری یەكێك لە ڤالسەكانی شتراوس لە رادیۆكەوە بەرزبووبۆوە و پشیلەیەكی ماندوونەناس لەگەڵ سێبەرەكەی خۆی یاریی دەكرد، لە ژوورە تەنگەكەماندا كە من هەموو شەوێ بە خواروخێچی پێخەفەكەم لە قوژبنێكدا ڕادەخست،

پێخەفێك كە وەكبلێی ئامادەبوو پێشوازی لە مردوویەك بكات، هیچ شتێك نەگۆڕا. بارودۆخەكە لە هاوسەنگییەكی خۆراگردا دەپارێزرا، لە چاوەڕوانی ئەوەدا كە ڕۆژێك، ڕەنگە ڕۆژێك كە ئیدی ئێمە نەبووین، دارمێ. تەنها خۆمان بووین كە دەگۆڕاین: ڤارڤارا[23]، خوشكی باوكم، كە سەرەتا بینیم، لە تەمەنی چل سالیدا، هێشتا تەڕوبڕ بوو و تەنانەت ڕۆژێكی بێكار لەگەڵ ماشووقەكەی تێنەدەپەڕاند، پیر بوو. وێڕای ئەمەیش، دیسان كلفەتی دەكرد. لە مالی ئەم و ئەو، عەردی ژوورەكانی دەسڕیەوە و قاپ و قاچاخی دەشۆرد.

شەوان، هاوڕێیان وەك ڕابردوو لە دەوری یەكتری خڕ دەبوونەوە: مولازم و ئەفسەرانێك كە پێشتر پڕ جۆش و خرۆش بوون و قژی ساف كردوو و زەیت لێدراویان هەبوو، بووبوونە پیرەمێردانی ستەم لێكراو و سەرلەڕێ كە وەك ڤارڤارا دەستانی سەخت و بەهێزی كرێكارییان هەبوو.

باوكم كە حەوت ساڵ پاسەوانی پاركینگێكی چەند نهۆمی بوو و پاشان بووە شاگردی شیرینی فرۆشێك، ئیدی بێكار بووبوو. بە دلنیاییەوە لەوێوە كە توانای كراكردنی نەبوو، تەنانەت ئیدی بەشوێنیشیدا نەدەگەڕا. هەمان چیرۆككگەلی بێسەروبەر، هەمان پێكەنینگەلێك كە لە هەنسكی گریان دەچوو، هەمان درۆكردنەكان. بەڵام ئێستا لە كۆتایی هەر حیكایەتێكدا، قسەگەلێكی فرمێسك هێنی ڕووە و من

23 - Varvara

دەست پێدەکرد: (ئاه کچم، ئاه کردۆلیای من!) کاتێکیش کە من لە ماڵ نەبووم، بۆ دەر و دیوارەکە، رووەو لایەك کە دەبوو من لەوێ بوومایە، وتاری دەدا.

بە دڵنیاییەوە من بەر لە ئەوانیدیکە گۆڕام: تەمەنم سیازدە ساڵ بوو، بوومە بیستونۆ ساڵ. ئیدی هیچیشم لە گەنجیتیم بۆ نەمابۆوە. پێشتر کچێکی مندالکاری ناشیرین و ماسولکاوی و ئێسکن بووم، پاشان بوومە کچێکی گەنجی کورتەبنە، پان و رەنگ پەڕیو. بە خێرایی، هەر کە تەروبری و روونی رووەمەتە بەرجەستەکانم ونبوو، گۆڕام بۆ مرۆڤێکی بێ ساڵ و تەمەن. ئەگەرچی لە تەندروستییەکی تەواودا دەژیام، وەك دایکە نەخۆش و دەردەدارەکەم لێهات. دەستەکانم کە پێشتر ئەوەندە لێوەشاوە بوون، گەورەو رەنگ پەڕیو، وەك دەستەکانی ژنێکیان لێهات کە تازە مندالی بووە.

لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا هاتبووم بۆ پاریس، بە زوویی دەبوومە سی ساڵ و سەرباری ئەمەیش، هەستم دەکرد بەردەوام هەمان مرۆڤم، هیچ شتێك فێر نەبووم، هیچ شتێکم نەدۆزیتەوە، هیچ شتێکم بە دەست نەهێناوە کە پێشتر لەوێ نەمبوو: ناسینی ژیان، نائومێدی تەنیایی، هەستی بەرز و رازاوی. فرمێسکەکانم، خەونەکانم، ئازایەتیم لەگەڵ خۆم هێنابوو کە لە هەموانم دەشاردەوە. هەموو ئەمانەم لە روسیا دەستکەوتبوو و لەوەودوا بە هێندەی سەرە دەرزییەك نەگۆڕابووم. بەڵام باشە، ژیانم بووبووە هاوچارەنووسی

ئەوانیدی: ناچار نەبووین خۆمان بخەینە داوی بەڵاوە و بە چنگ و ددان قووتی ڕۆژانە و سەرپەنا بە دەست بهێنین. لە شاری تازە دەمانتوانی وەك بنیادەم بژین: کار بکەین، ژیانمان دابین بکەین و دەرەقەتی خەرجیمان بێین. من چوومە خوێندنگە، بە دڵنیاییەوە پاش دوو ساڵ ناچار بووم بۆ یارمەتیدانی ڤارڤارا لە کارەکانی ناوماڵدا، واز لە خوێندن بهێنم. ڤارڤارا بەرگدروویی دەکرد و من ماوەیەك تارادەیەك درێژ، لە بەردەستی ئەودا کارم کرد. فێری ئوتوو کردن و بەرگدروون و دروونی شوێن قۆپچەی کردم. لە بری ئەوە ساڵی جارێك کراسێکی نوێی لۆکەی ئەستووری بۆ دەدرووم و من پێش لەبەرکردنی، بە دزییەوە تێر سەیرم دەکرد.

تەمەنم بیست ساڵ بوو کە بوومە شاگرد لە دوکانی شتن و ئوتووکردنەکەی گەرەك. کاروکاسبی ڤارڤارا بەرەو خراپی دەچوو. لە یەکشەممەیەکی دڵگیر و زستانیدا، کەمێك بەر لە جەژنی نوێل، بۆ کارکردن چووە چێشتخانەیەکی روسی و هێندەی پێنەچوو لەوێ دایانمەزراند. دوای چەند مانگێك، چەند قاپێکی بە دەستەوە بوو و خلیسکا، قاچێکی شکا و جووڵەی ئەو قاچەی تا کۆتایی ژیانی تێکچوو. لە ئەنجامدا کارەکەی سنووردار بوو بە شۆردنی قاپەکان لە موبەقی چێشتخانەکە و پاشان خاوێنکردنەوەی ماڵەکان.

من بوومە ئوتووچی. نۆ ساڵی ڕێك، لە بەیانییەوە تا شەو جلوبەرگی خەڵکم ئوتوو دەکرد. ڕاهاتبووم تا دە کاتژمێر لە

ڕۆژدا بە پێوە بوەستم. مووچەیەکی ڕێکوپێکم وەردەگرت. لەو کاتەوە، تێگەیشتم هەموو ئوتووچی و کرێکارانی شۆردن و وشککردنەوە، هەروابێتەوە کارمەندانی پلە نزم، کارمەندانی ئۆفیس، هونەرمەندان و تەنانەت وەزیرانیش پاشکەوت دەکەن. منیش وام کرد. کەیفم بەم فکرە هات، کە تا ئەو کاتە هەرگیز نەهاتبوو بە مێشکمدا: هەڵگرتنی بەشێك لەو پارەیەی کە بە ئارەقەی ناوچەوانم پەیدام کردووە، بۆ.. بەڵام ئەو کاتە نەمدەزانی چی پێدەکەم.

لە سەرەتادا، کەیفم بەو ڕۆحە جەنگاوەرییە هات کە لە شووقەکەماندا فەرمانڕەوا بوو، ئەم بارودۆخە ئێمەی لە قۆزاخەیەك دەردەهێنا کە لە پیتەربۆرگ بە دەوری خۆماندا تەنیبوومان. ئەو شەوانەی کە میوانان، کوپێك چایی لە بەردەمیان، هەموو بە زمانێك قسەیان دەکرد، هەستم دەکرد شەڕ بۆ سبەی بڕیاری لێدراوە و تەدارەکاتەکەی دابین کراوە و ئێمە لە دۆخی ئۆردو گوێڕانەوە داین. قسەیەکی دیکەم نەدەبیست جگە لەمەی کە: (سەرهەنگ فەرمانی داوە لە دەوری یەك خڕبینەوە)، (بەڕێزان، ئەفسەرانی پایە بەرز بڕیاریانداوە کە...)، (سوارەی سوپایی ئەمڕۆ ئاهەنگی سوپاکەیان دەگێڕن). سەرم دەسووڕما ئەم پیاوانە بەم ڕووخسارە مات و دەستە چلکنانەوە، نە کڵاوەکانیان پەڕی پێوەیە، نە جلی شین و وەنەوشەیی سوپاییان لە بەردایە، سەرم دەسووڕما کە چۆنچۆنی هەراوزەنای شمشێر و

قایشوقروشیان نابیستری. ئەوان ژیانی خۆیان هەبوو، دابڕا و لە دنیای دەوروبەر، بەڵام پشتیان بە هاوڕێیەتیان گەرم بوو. هەمیشە ماری ئیڤانۆڤا[24]یەك، ئۆژینی ڵۆڤانا[25]یەك یا ئێرین ئەلیکساندرۆڤنا[26]یەکیان بۆ خۆیان دەدۆزیەوە کە جگە لە ئەوان لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا نەدەڕۆیشت. میواندارییان ساز دەکرد، قورعە کێشی خێرخوازییان ڕێکدەخست، مێزی نانی ئێوارەی فەرمییان دەڕازاندەوە، لە بۆنە گرنگەکاندا پێکەوە لە کەنیسە دوعا و نوێژیان دەکرد، بە ئازایەتییەوە سنگیان دەردەپەڕاند و لەگەڵ گروپی کۆرس گۆرانییان دەوت. بەڵام ئەسڵی مەبەست، هەمان گفتوگۆی سوپایی وڕێنەهێنەری ناوبۆش بوو، ئەگەرچی بۆ ئەوان هەزار مانای هەبوو: باسی شکستی ئکاتێرنۆسلاڤ[27] و لە دەستدانی پێرکوب[28] و چۆڵکردنی سێباستۆپۆڵ[29]یان دەکرد. ڤارڤارا بێوەژنی ئەفسەرێکی سوارەی سوپایی کە لە ساڵی (١٩١٩) لە ڕێگەی کۆنستانتیپۆڵ[30] مردبوو، لەم زنجیرە ژەنگگرتوو و ناهەماهەنگەدا، ئەڵقەیەکی سەختی زیندووبوو.

نۆ ساڵ. چۆن دەتوانی باوەڕ بکەیت؟ ئایا بەڕاست کاری

24 - Marie Ivanova

25 - Eugenie Lvovna

26 - Irene Alexandrovna

27 - Ekaterinoslav

28 - Perekop

29 - Sebastopol

30 - Constantinopole

کردەیە؟ من چ کارێکی خراپم کردبوو؟ بۆچی، بێئەوەی تاوانێکم کردبێت، نۆ ساڵ لە ژیانم، سەرومڕ، ئوتوو بە دەست، لە بەردەم مێزی ئوتوو کردندا بەسەربرد؟ ڕۆژانی سەرەتا، کاتێك دەگەڕامەوە ماڵێ لە بێتوانایی لە دەرککردنی چارەنووسمدا دەستم دەکردە گریان. بەڵام دواجار ڕۆژێك وازم لە گریان هێنا، گەیشتمە ئەم ئەنجامەی کە ئەوانیدی ڕاستەکەن: کارێکم هەبوو خاوێن و ڕاوەستاو، بەڵگەی یاسایی و مووچەیەك کە ژیانێکی شیاوی بۆ فەراهەم دەکردم. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە نە خوێندەواریم هەبوو، نە جوانی و نە توانایەك، دەمتوانی چاوەڕوانی شتێکی زیاتربم؟

هەربۆیە پاشکەوتم کرد. بە درێژایی ئەم ماوەیە، هیچ شتێکی زیادە و بێ سوودم بۆ خۆم نەکڕی. گۆرەوییەکان، پێڵاوەکان، جلوبەرگ و جلەکانی ژێرەوەم لەوپەڕی سادەییدا بوون. ساڵانێك تێپەڕی بێئەوەی دەستکێش یان کڵاو بۆ خۆم بکڕم. ئەوەی بۆ دابینکردنی خوردوخۆراکی خۆم و باوکم پێویست بوو دەمخستە سندوقی داهات و خەرجی ماڵەوە و پاشماوە ناچیزەکەم دەخستە نێو کتێبێکی ئەستووری چێشتلێنانەوە کە لە سەر ڕەفەی تەنیشت سیسەمەکەمەوە بوو و ماوەیەکی زۆر بوو کەس سوودی لێوەر نەدەگرت. بیستبووم پاشکەوت بۆ نەشتەرگەرییەك، بۆ چارەسەری ددانەکان، بۆ گەشتێکی ڕۆخی دەریا، کڕینی بۆفییەکی نوێ یا لە ڕاستیدا تەنها بۆ ڕۆژانی پیری، دادەنێن. هەر لە سەرەتاوە، ئەم فکرە

دای لە سەرم کە بەم پارەیە بچم بۆ ئیتالیا. بۆ بینینی چی، بەراستی نەمدەزانی. تابلۆکان یا شارەکان، یا بەتایبەت بۆ شەوانی تاریکی ئەویٚ، یا باخە پرتەقاڵەکان و سنەوبەری گۆڕستانەکان. وامدەبینی ئەم خەونە ڕۆژێك دێتە دی، تەنیا دەچم بۆ ئیتالیا، بۆ جێنەوا، بۆ ڕۆما... بۆ چ کارێك؟ بۆ بینینی ئەوەی هەرگیز نەمدیبوو.

بە درێژایی ئەم ساڵانە، تەنها جارێك هەلومەرجی دەرچوونم لەم بارودۆخە بۆ ڕێکەوت: پێنج ساڵ لەمەوبەر کاتێك مولازم گۆلۆبێنکۆ[31] خوازبێنی کردم. گۆلۆبێنکۆ یەکێك لە شەریفترین میوانەکانی ڤارڤارا بوو، دوکانی پێداویستی کارەبایی ناوماڵی هەبوو. چل ساڵێك لە تەمەنی تێدەپەڕی. ڕەشتاڵە، تووکن، سەرزیندوو، پێشتریش شەرکەرێکی سەرکێش و ئەمڕۆکە هەواداری بالالایکا، چێشتلێنەری ڕوسی و گۆرانییە مەستانەکان. دەیوت: تۆ لەودیو سندوقەکەوە دادەنێم. لەگەڵ من و هاوڕێکەم، ڤاسیلی پێترۆڤسکی[32]، ژیانێکی زێڕینت دەبێت.

بۆئەوەی بتوانم هەموو ژیانم نەك بە ڕاوەستاوی، بەڵکو بە دانیشتنەوە بەسەربەرم، دەبوو چاوم لە ئازادییەکەم بپۆشیایە.

لە کاتێکدا کە هەوڵم دەدا تۆنێکی نەرمونیان بدەمە

---

31 - Goloubenko

32 - Vassili Petrovski

قسەکانم (کە بە دڵنیاییەوە ئەمە نەدەبووە ڕێگری ئەوەی کە بێ ڕێزانە بێنە بەرچاو) وتم:

– سوپاست دەکەم کە ئەم هەموو شانازییە دەدەیتە من، بەڵام من قبوڵی ناکەم...

ئەم وشە ترسناکەم لە کوێوە بە زماندا هات؟

بۆ سبەی، ڤارڤارا پێی وتم:

– من سێ پرسیارم لە تۆ هەیە: یەکەم، بۆچی پێشنیارەکەی گلۆبنکۆت ڕەتکردەوە؟ دووەم، نەکا سەخیفێك هەبێت لەگەڵی بنووی؟ دوایین پرسیار، ئایا بەڕاستی مەبەستتە زەماوەند بکەیت؟ لەگەڵ چ جۆرە پیاوێك؟

باوکم هاواری کرد:

– ئاه، کچم، ئاخ، کوردۆلیای من!

نزیکەی دوو خولەك کنەم لە ڕۆح و ویژدانی خۆمدا کرد.

– یەکەم، لەبەرئەوەی گلۆبنکۆ نەدارە. دووەم، لەگەڵ هیچ سەخیفێك نانووم. دواجاریش، تەنها لەگەڵ مرۆڤێکی دەوڵەمەند زەماوەند دەکەم.

لەگەڵ وتنی ئەم قسانە، لێیان دوورکەوتمەوەو بەرەو ژوورەکەم ڕۆیشتم، پشتم تێکردن و بە جۆرێك کە نەبینرێم کتێبی چێشتلێنانەکەم لە سەر ڕەفەکە هەڵگرت و پارەکەم ژمارد. سێ هەزار و سێسەد و هەفتا فرانکم هەبوو.

ڤارڤارا چووە ژوورەکەی و لەوێوە دەنگێکی ئاشنا، پێکەنین،

یا هەنسکدان، لە نێو تیغەی ژوورەکەوە گەیشتە گوێم. ئەم تایبەتمەندییە لە نێوان ئەو و باوکمدا هاوبەش بوو. سەرباری ئەمەیش، لە رووی بیچمیشەوە وەك یەك وابوون و هەر دووکیان دەستانی وەك باڵیان هەبوو. لە ژوورەکەیەوە بانگی کردم تا بپرسیٚ ئایا تا ئەو کاتە عاشق بووم یا نا.

پرسیم:

- عەشق؟ عەشق چییە؟

کتوپڕ، ئاریانم بیرکەوتەوە و حەزم کرد چاو لە سەفەرەکەی ئیتالیام بپۆشم تا پاشکەوتەکەم بۆ ئەو بنێرم.

بە درێژایی ژیانم لە پاریس، یادەوەرییەکم هەڵگرت کە لە مندا دەژیا و هەناسەی دەدا، جارجاریٚ شێوەی خۆی دەگۆڕی، گەورە دەبوو، بەهێز دەبوو و جارجاریٚ لاواز دەبوو و دەتوایەوە تا دووبارە گیان بگرێتەوە. ئەم یادەوەرییە لە مندا ئامادەیی هەبوو و زۆربەیجار هەستی بەختەوەری دەدامیٚ. دڵنیای دەکردم کە بوونی هاودڵییەکی مکوڕ و پڕ خۆشەویستی لە نێو مرۆڤەکاندا کاری کردەیە، جۆرە هەستێکی شادی، کاتێك بێگانەیەك کتوپڕ ئەوەندە لێمان نزیك دەبێتەوە کە دڵمان تاهەتایە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، مۆری خۆی لێدەدات و شوێنەوارێکی لە بیرنەکراو جێدەهێڵیٚ.

ئەم یادەوەرییە زۆر کورت بوو، تەنها دەنگێك بوو کە رۆژێکیان بە تۆنێکی مکوڕ و پڕ خۆشەویستی بە منی وتبوو: (سڵاو، ساشا!) نیگایەك کە رۆژێك کەوتە سەر من

و له رۆحی مندا گرفتار مابۆوه. له ژیانی خاڵیی مندا، شەوانێك تەواو لێوڕێژ لەم یادەوەرییە تێپەڕی، بە فرمێسك یا شادی بە سەریدا دەڕۆیشتم، رۆدەچوومە قووڵاییەوە. وامدەبینی ئەگەر لە منداڵیمدا کەمێك عاشقی ئاریان بووم، ئێستا ئەم هەستەم بۆ مێردەکەی هەیە، کە ناخودئاگایانە هەوڵ دەدەم لاسایی ئاریان بکەمەوەو کێبڕکێی لەگەڵ بکەم. لەوەیشە هەموو ئەمانە جۆرێك کونجکۆڵی بووبێت بۆ ژیان و چارەنووسیان، بۆ زەوقی شاعیرانەی ناکامی کە پێنەدەچوو لەو سنووردا بوەستێت. کەم کەم، بە شێوەیەکی نائاشکرا، وێنەی سامۆییلۆڤ لە زەینمدا سمبولی هەموو ئەو شتانە بوو کە لە ژیاندا لە روانگەمەوە بەرز و دەست پێڕانەگەیشتوو دەبینرا، سمبولی ژیان بە شێوەیەك کە دەبێت ببوایە، بە دڵنیاییەوە نەك بۆ من، سمبولی مرۆڤەکان، بەو شێوەیەی کە لێوەشاوەییان هەبوو بگۆڕێن بۆ ئەو، بەڵام هەرگیز بەو جۆرە خۆیان پیشانی من نەدەدا. هەستێکی شاراوە بە منی دەوت لەودیو واقعیەت و رووداوەکانەوە، وێنە هەیە، نەوا هەیە. وەکبڵێی لە تاریکترین و ئاژەڵیترین ساڵانی ژیانم، جوانی و شیعری جیهان لە کاتێکدا کە وەك بروسکەو چەخماخە تێدەپەڕی، گۆشەو چاوێکی بریبووە من.

وێڕای ئەمەی سامۆییلۆڤ کەسێتییەك بوو نە زۆر قۆزبوو، نە زۆر میهرەبان و نە زۆریش گەرم و سەرنجڕاکیش، سەرباری ئەمەی توانایەکی پێویستی بۆ نووسینی شیعری نەمر نەبوو

(قەت هیچمان لە بارەیەوە نەبیست)، بە بەرەکەتی بوونی ئەو شتێك بە سەر مندا دەرکەوتبوو، دنیایەکی جیاواز — کە یەکسەریش ونبوو و دیارنەما — منی شەیدای خۆی کردبوو، ئەویش لە دەورانێکدا کە تەنانەت نەماندەتوانی وێنای بکەین ئەم جیهانە راکێشەرییەکی هەبێت. لەو وەختەدا کە هەموو شتێك سارد و تاڵ بوو و خەڵکانی دیلی خانەگومانی، ترسیان لە سێبەری یەکتریش هەبوو، من لە ماوەی چرکەیەکدا، هەستم بە گەرمای مرۆیی کەسێك کرد کە بەرەو من نووشتابۆوە. بە درێژایی ژیانم لە پاریس، (سڵاو، ساشا)کەی بیری خۆم دەهێنمەوە، ئامۆژگارییەکەی بۆ ژیان کردن (وەك باڵندە، لە بادا)، بۆ لە هیچ نەترسان، بۆئەوەی کە خۆم لە نێو پاڵتۆی مەسیحی دووهەزار ساڵە و دوو لەتبوومان‌دا دابپۆشم. نایشارمەوە یادەوەری دەموچاو و دەنگی بە درێژایی ساڵانێك کاڵ بۆوە و هێزی کات منداڵێتی لە دەستدا. بەڵام هەر ئەوەی ئەم دەموچاو و دەنگەی لە مندا بەخەبەر هێنابوو، دەست لێنەدراو، بەردەوام درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا و جارجاریٚ لە بوونمدا دەپشکوت.

ئەم هەستە نە سەرسەخت بوو نە خۆڕاگر. چەند هەفتەی تەواو رۆحی چکۆلەی لە خۆدارۆچوومی لە بیردەکرد، پاشان کتوپڕ بیٚ هۆشداری، وەك دەرزییەك لێی رۆدەچوو یا وەك رووناکییەکی نائاشکرا و هەڵاتوو، بە فکرمدا گوزەری دەکرد. لە فلانە شەودا کە بەڕادەیەکی گریان هێنەر تەنیا

بووم، کاتێك بابە لە خەوە قووڵەکەیدا بە چاوانی کراوەوە (لەبەرئەوەی ئیتر لە کاتی خەودا چاوەکانی نەدەنووقاند) لێکدا لێکدا قسەی دەکرد و لەودیو تیغەی ژوورەکەوە، میوانەکان و ڤارڤارا، کەچەڵ، ڕەنگ پەڕیو، بێ ددان و بە دەنگی گیراو لەگەڵ هاوڕێ کچە پێشووەکانیان کە هەندێکیان ئیدی ماوەیەکی زۆربوو بووبوونە نەنك، گۆرانییان دەوت و دەیانخواردەوە (گیتار، ڤۆدگا)، لە فلانە شەوی نوێلدا یا فلانە شەوی بەهاری، ئەم هەستە شەبەیخونی دەکرد، بوونمی دادەگرتەوە، ئەفسوونی لێدەکردم و ڕۆیدەبردمە گێژییەکی خۆشی نزیك لە گریان.

ساڵی (١٩٣٩) بوو، کۆتاییەکانی مانگی ئاب. لەم سێ کەسەمان، تەنها من بووم کە کارم دەکرد. بابە ڕۆژانە بە کارتی یاری کاغەز شێوەگەلێکی دروست دەکرد، لە پشت مێزەکەوە دادەنیشت یا بە پاڵدانەوە بە دیوارەکەوە لە ژوورێکەوە دەچوو بۆ ژوورێکی دیکە. بە چاوانی جێگیر، سەیری بەرامبەرەکەی دەکرد و هیچی نەدەبینی، گوێی دەگرت و هیچی دەستنەدەکەوت. ڕۆژنامەی شەوی پێشووی لە کونجێك هەڵدەگرت، ماوەیەکی زۆر دەیخوێندەوە، بە زەحمەت چەند وشەیەکی دەدۆزیەوەو دەیوت: (لە دواوە دانانیشین، ئەگەر پێویست بێت شەڕ بکەین، هەمووومان دەچین، گرنگ ئەوەیە سەرسەخت بین.) ڤارڤارا، هەروا کە لە ژێر لێوەوە دەیبۆڵاند، جلەکانی نۆژەن و پینە دەکرد، دەیشۆردن و چێشتی لێدەنا.

لە مانگی ئابدا بێ کار دەبوو، لە ڕوانگەیەوە نەدەکرا ئەم بابەتە نەدیدە بگری، قەڵس بوو لە پشووەکان و بێکەڵکییان. ڕادیۆکە بە بڵاوکردنەوەی ڤاڵسی شتراوس گوێی کەردەکرد. لە شاریی کشوماتدا، گەرما و داهیزراوی و تۆز و خۆڵ هەبوو. بە پێوە بەردەوام و بەردەوام لە بەرامبەر دیواری سپی، لە سەر مێزێکی سپی و بە بەرکۆشێکی سپییەوە ئوتووم دەکرد. لە چواردەورم، زۆربەی ئوتووچییەکان، پیر یا گەنج، ئاوسا و یا لەڕ، چەنباز یا کەمدوو، وەك من کاتژمێری چوار فرانك هەقدەستیان وەردەگرت. کات دەوەستا. لە قوماشی کەتیرە لێدراوەوە هەڵم هەڵدەستا و لە نێوان ئێمەداو لە هەواکەدا مەنگ و بێجووڵە دەمایەوە. گەرمای زۆپایەك کە ئوتووەکانمانی گەرم دەکرد و گەرمای دەموچاوی سوورەوە بوومان، دەنگی ئوتووەکان کە بە لێدانی بچووك بەر لێوی مێزی ئوتووەکە دەکەوتن و لە ساتە بێدەنگەکاندا، تیکتاکی کاتژمێری دیواری نووسینگەی خانمی خاوەنکار، هەموو ئەمانە ساڵانێك بوو نەگۆڕا بوون و پێدەچوو ساڵانێکی دیکەیش وەك خۆی بمایەتەوە. کاتژمێر شەش و نیو دەستمان دەکرد بە خاوێن کردنەوەو کاتژمێر حەوت دەگەڕاینەوە ماڵێ. لە کاتێکدا کە لە توندی ماندوێتیدا لەترم دەدا و قاچە ئاوساوەکانم ڕادەکێشا، مەودای چەند سەد مەتری تا ماڵەوەم دەپێوا. کۆمەڵێك لە ژنان لەو کاتەدا لە کارگەی سۆسیسەکە دەهاتنە دەرێ، هەر یەکەیان لە ڕوویەکەوە لە من دەچوو یا

لانیکەم من لەو کاتەدا وام دەبینی.

ئەو رۆژە، ئەوان بە رووخساری کرژەوە کە نیشانە بوو لە ترس و نیگەرانی، بەرەو پیرم دەهاتن. رادیۆکە لە کافێیەکی بچکۆلەوە هاواری دەکرد، کەس نەدەوەستا گوێی لێبگرێت. ئیدی هەستمان بە هەموو شتێك دەکرد. کەسێك کە لە پەنجەرەکەیەوە سەری شۆڕکردبۆوە وتی: (خۆیەتی) و کەسێکیش لە کۆڵانەکەوە وەڵامی دایەوە: (بەڵێ، خۆیەتی، رۆژێکی تازە، رۆژێکی تازە.) هەموو لە یەك دەچوون: پیاوانی ترساو، ژنانی تۆقیو. ئۆخژن دووبارە پیرەکانی گەنج کردبۆوە و فرێیدابوونە گۆڕەپانی ژیانەوە. گەنجەکان، نائومێد، بە رووخساری لەڕ و تاریك، وادەبینرا پیر و تێکشکاون. شەوێکی گەرم، بێ هەناسە، ورگی نابووە سەر شار. لە خۆرئاوای سستی کۆڵانەکەماندا کەسێك لە ژێر سەردەرگای تەلارێکی بەرز و خۆڵەمێشی هەنسکی دەدا.

شەو، دوای نانی ئێوارە دووبارە لە ماڵ چوومە دەرێ. سێ شەو بە دوای یەکدا، تا یەکشەممە لە کۆڵانەکاندا دەگەڕام. لە سەر شەقامی ڤاوژیرارد[٣٣]، لە ژێر سێ دار چناردا (بەردی بناغەی پارکێك کە قەت دروست نەکرا)، گروپی چکۆلەی هاورێیانی ڤارڤارا کە لە سەرخۆ و بە روسی لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد، لە دەوری یەکتری گردبووبوونەوە: مۆسیا

---

٣٣ - Vaugirard

میشچر سکایا[٣٤]، پیێترۆڤ[٣٥]، ڤۆن مۆر[٣٦]، مامە درۆزد[٣٧]، بە جلی کارکردنەوە، خانم چۆچۆرازۆڤا[٣٨] بە کچە ئاوەز دواکەوتووەکەیەوە، هەر دووکیان بە نەعل و قژی تێکئالاوەوە، ڤاسیا ڤۆسترۆنۆسۆڤ[٣٩]، پیتیا پۆلیچاتۆڤ[٤٠] و ئەوانیدی، هەموویان چ تێکشکاو و چ دووبارە گەنجەوەبوو، هەروەك رابردوو یەکتریان بە ناوی چکۆلەوە بانگ دەکرد، بەڵام وەك ئەوەی لە گوردانێکی دیکە بم، بە منیان دەوت ئەلێکساندرا ئڤگینیۆڤنا[٤١]. سێ شەو لەوێ کۆبووینەوە، یەکشەممە من لەو کۆڵانانەدا پیاسەم کرد کە دەنگی هەنسکی گریان و ناڵە و هاوار تیایاندا زایەڵەی هەبوو، پاشان گەیشتمە وێستگەیەك کە لەوێدا کەس بەکەس نەبوو و هەموو گێژ و مەنگ لە بەدبەختیدا، بەرلەوەی خۆیان هەڵدەنە ناو شەمەندەفەری پڕپڕ لە سەرنشینەوە، پاڵیان بە یەکترییەوە دەنا لە نێو شەپۆلی بزۆکی ئاپۆراکە و ماچی ماڵئاواییدا.

ئامان لەم ئاسمانە، جێگیر، نەگۆڕ. هەستم دەکرد ئەو شەوە لەبری ئەوەی پەڕەی کتێبێك هەڵبدەینەوەو بچینە پێش،

34 - Moussia Mechtcgerskaia

35 - Petrov

36 - Von Moor

37 - Drozd

38 - Tchourtchourazova

39 - Vassia Vostronossov

40 - Petia Polechatov

41 - Alexandra Evaguenievna

بەهێندەی نیوەی کتێبەکە گەڕاینە دواوە، ڕووداوگەلێك کە چارەکە سەدەیەك لە تەمەنیان تێدەپەڕێ، لە نێو خشەخشی پەڕەکانەوە دووبارە لە دایك دەبنەوەو ڕێنوێنی دەستی قورسی ئێمە دەکات بۆ دووبارە بوونەوەی ڕووداوە ترس هێنەر و نیگەرانکەرەکان کە ماوەیەکی زۆر پێشتر تێمان پەڕاندبوون. دووبارە بە تەڵەوە بووبووین، دووبارە دەرگا لە دوامانەوە داخرابوو. وەك مشکی چکۆلەی کونجکۆڵ وابووین بە چاوانی زیتەوە، کە ڕێگەی قورتاربوونیان نییە: ئەگەر لە کاتی خۆیدا بجووڵاینایە، هێشتا دەکرا کارێك بکەیت. بەڵام ئێستا ئیدی کار لە کار ترازابوو و ئێمە گرمۆلە، لە تەنگانەدا عاسی و گرفتار بووبووین.

زستانی ئەو ساڵە، من، نائومێد وەك هەموان، لە هەستێکی بێبایەخی ڕەها و گۆشەگیرانەدا نووقم بووبووم. لەبەرئەوەی تاقە کەسی خێزان بووم کە کارم دەکرد، ئیدی نەمدەتوانی پاشکەوت بکەم. بابە نەخۆش کەوتبوو و ڤارڤارا کە بە چوونە سەرەوەی ساڵ تارادەیەك کاری خاوێنکردنەوەی ماڵانی واز لێهێنابوو، خۆی تەرخانکرد بۆ ئەو و ماڵەکە. هەر کە دەگەڕامەوە ماڵێ، بەوجۆرە شایستەی نانهێنەری خێزانە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکردم. سەرباری ئەمەیش، ئایا هێشتا دەکرا بیر لە ئیتالیا بکەیتەوە؟ دەکرا ڕۆبچییە خەون و خەیاڵەوە؟ خەونەکانم لە خۆرئاوای چۆڵ و کۆتایی نەهاتووی ژیانمدا بە با دەچوون. خەونەکانی منداڵیم بۆ پڕکردنی دوو

دەیە بەس بوو. لەو کاتەوەی ئاریان ئێمەی جێهێشتبوو و ئیدی من سامۆییلۆڤم نەدیبوو، ئەستێرەیەکی کوژابۆوە، بەڵام رووناکییەکەی لە دوورییە دەست پێڕانەگەیشتووەکان بەردەوام دەدرەوشایەوە. وەلێ، بەپێی ئەو یاسا بێچەندوچوونەی کە دەڵێ هەموو شتێك کۆتاییەکی هەیە، ئەم رووناکییە ئیتر لە ئاستانەی کوژانەوە دابوو.

بابە لەگەڵ کارەساتەکەی مانگی حوزەیران مرد، وەکبڵێی نەیتوانی بوو بەرگەی بگرێت. بەڵام ئەم کارەساتە چی پەیوەندی بە ئەوەوە بوو یان کارەساتەکە چی پەیوەندی بە ئەمەوە هەبوو؟ ئەو رۆژە، ئەو پارەیەم هەڵگرت کە کۆمکردبۆوەو لە ناو کتێبی چێشتلێنانەکەدا بوو. خەرجی کفتودفنەکەی نزیکەی نیوەی ئەوە دەبوو. ڤارڤارا بە دەموچاوی پیسو پۆخڵ و سوورهەڵگەڕاو و ئاوساوەوە، بە قژی ئاڵۆزکاوەوە، بەرامبەرم دانیشتبوو، دەستەکانی هێنابووە پێش و لە کاتێکدا کە لە حەپەساندا زمانی گۆی نەدەکرد، یەك یەك پارەکانمی وەردەگرت. پاشان خۆی هەڵدایە سەر سیسەمەکەم و گریا، نەك بۆ بابە، بەڵکو بۆ من، ئەگەر وشە تێکەڵ بە هەنسکەکانی بکەیتە پێوانە:

– پاشکەوتی کردووە! پاشکەوتی کردووە! کێ پێیوابوو ئەوەندە دووربین بێت و بیر لە داهاتوو بکاتەوە؟ چۆن بەری لە خۆی دەگرت نە پاڵتۆیەکی گەرم، نە پشوویەك، باشە بەمشێوەیە پاشکەوت دەکرێت... وەك فەرەنسییەکان! چۆن

تووشی ڕۆژێکی وابوویت؟ ئەی خودا، نەوەی نوێ ئامێرە، مرۆڤ نییە! نە جۆشوخرۆشێك، نە شێتییەك، تەنها لۆژیك، تەنها حساب... ئێمە شارەزابووین چۆن بژین، بیرمان لە سبەی نەدەکردەوە، هەرچییەکمان پەیدا دەکرد بە بامان دەدا. نەمداندەزانی سندوقی پاشکەوت چییە؟ ئەمرۆ لاوەکان بیر لە ڕۆژانی سەخت دەکەنەوە... من لە تەمەنی تۆدا، تەنها فکری شێتیم لە سەردا بوو! ئێستا تۆ لانیکەم بە ئابڕووەوە باوکت دەنێژی. پاشکەوتی کردووە! گوێت لێیە، ئۆژین، هاوڕێکەم، ساشاکەمان پارەی پاشکەوت کردووە!

بە ناڵەو زاری چوو بۆ ژوورەکەی، کە کۆچکردوو لەوێ بوو. بە فینگە فینگ دیسان ماوەیەك لەگەڵ ئەویش قسەی کرد، پاشان خۆی بە کارەکانییەوە خەریککرد.

بابە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا، بە حاڵەتێکی دەوڵەمەندانە کە لە ماوەی ژیانیدا نەیبوو، ڕاکشابوو و درزێکی ڕووناك لە بەینی پێڵووەکانیدا هەبوو. دەستە باڵئاساکانی، قاچەکان و دەمی، داخرابوون. چما وەك مۆمیاکراوە دێرینەکان سەرتاپای لەفاف پێچ کرابوو. شەوی پێشوو بە گوێمدا چرپاندبووی: (ئاه، کچم، ئاه کوردۆلیای من!)، بە بیرهێنانەوەی ئەم دیمەنە فرمێسکم دەڕشت لەبەرئەوەی دەمزانی ئەو هەرگیز بێ یادی ئاریان ئەم ڕستەیەی نەدەوت. خاچی تەعمیدەکەی و قاپئینجیلێکی کاڵەوەبوو بە سەر سنگییەوە بوو بە دوو وێنە: وێنەی دایکم و وێنەی ئاریان کە پێدەچێ لە ڕوسیا

خستبێتییە قاپەکەوە. هەر دووکیانم کردە ملم و تا چەند ڕۆژێك هەستم پێدەکردن کە بەر ستیانەکەم دەکەوتن.

بە خاکسپاردنێکی سەیر بوو. لە بەیانییەکی ڕوون و هەتاویدا، تەرمبەر و دوو پۆلیس گەیشتن. بە یارمەتی پرسگەی تەلارەکە تابووتەکیان بەرزکردەوە. لە بەردەم تەرمبەردا دانیشتن و فەرموویان لە من و ڤارڤاراییشیان کرد تا دانیشین. تەرمبەر بە خاوی دەجووڵا، ئێمە خۆمان دابوو بەسەر تابووتەکەدا، قاچەکانمان هەڵواسرابوو و سوپاسی خودامان دەکرد کە کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچێت. لە سەر شەقامە چۆلەکانی پاریس تەنها ئێشکگرە ئەڵمانییەکان دەبینران. نازانم بۆچی گۆرەپانی کەنیسەم لە مۆنرۆژ[42] زیاتر لە هەر جێگەیەکی دیکە لە بیرە کە نە لە بەری ڕاست، نە لە بەری چەپ، نە لە پێشەوەو نە لە دواوە داڵەواز نەدەبینرا. لە سەر شەقامی ماین[43] تا دوورەدەست باڵندەیەك نەدەفڕی و شەقامی ئۆرلیان[44] چۆڵ و هۆڵ بوو. هەموو دەرگاکان، هەموو دوکانەکان، قوفڵ بوون. لێرەو لەوێ، وا دەهاتە بەرچاوم کەسێك لەودیو پەنجەرەکانەوە بە قامك ئاماژە بۆ ئێمە دەکات. لە پۆرت دۆرلیان[45] دوو سەربازی ئەڵمانی لە جلی فەرمیدا لە جێگەی خۆیان دەهاتن و دەچوون. داوای کارتی

42 - Montrouge

43 - Maine

44 - Orleans

45 - Porte dOrleans

تێپەڕینیان کرد و لێگەڕان درێژە بە ڕێگەکەمان بدەین. لە پۆلڤاری بازنەیی، چ لەلای چەپ و چ لە لای ڕاست، بنیادەم نەدەبینرا و فیلمێکی بیر دەهێنامەوە کە چەند ساڵێك پێشتر بینیبووم: زانایەك هەموو پاریسی خەواندبوو، بێدەنگی باڵی بە سەر هەموو شتێکدا کێشابوو و تەنها جووتێکی عاشق، لە دوایین نهۆمی بورجی ئیڤل، بەرگری دەکرد.

دوکانی شتن و ئوتووکردنەکە ڕێك یازدە ڕۆژ دایخست، پاشان دووبارە دەستی بە کار کردەوە، لەگەڵ ئەم جیاوازییەی کە ئیدی جلوبەرگی سەربازانی ئەڵمانیمان دەشۆرد و بۆ وەرگرتنی سابوون و تایتی جلشۆرین و سووتەمەنی زۆپاکە پێویستمان بە فۆرمی دەوڵەتی بوو. لۆرییەك جلەکانی دەهێناو دەیبرد.

ئێمە لە ناخی زستانێکی بێ نان، بێ ڕۆن و بێ جلوبەرگی گەرم و بێ خەڵووز دەچووینە پێش. وردە وردە، سادەترین کەلوپەلی ناوماڵ لاسارییان لە کارکردن کرد: دەشکان و ئێمەیش جگە لەوانە هیچی ترمان نەبوو. شقارتەکان، وەك پێشتر لە روسیا، ئیدی بڵێسەیان نەدەسەند و ئەمەیش نیشانەی موسیبەتێك بوو کە هەربینا ڕوویدەدا. من و ڤارڤارا ئیدی تەنها بووین و شەوان کە دەگەڕامەوە لە سەر مێزی سێ قاچی موبەقەکەمان، دوو قاپم دەبینی. بەرامبەر یەکتری دادەنیشتین. ڤارڤارا قورس و لەنگ بووبوو، بەڵام بەردەوام چاوەکانی دەبرشت. ئیدی شەرمی لە هەواو هەوەسە

چکۆلەکانی هەبوو، ئەگەرچی ئەم هەواو هەوەسانە لە خواردنەوەی پێکێك، کێشانی جگەرەیەك یا بەسەربردنی ئێوارەیەکی دوو کەسی لەگەڵ ڤۆن مۆری ئەسلەع و داغان لە سێبەری تەیبڵلامپەکەدا واوەتر نەدەچوو. من لەڕ بووم، بەڵام جورمم خراپ نەبوو، قژێکی بێڕەنگ و رووخسارێکی ناشیرین و ناهەماهەنگم هەبوو کە لە لای چەپەوە تۆزێك چکۆلەتر بوو. هەمیشە تەنوورەیەکی سەوزی تۆخ و چاکەتێکی خۆڵەمێشیم لە بەردابوو، پەڕە پەڕە ئەو رۆمانەم هەڵدەدایەوە کە لە کتێبخانە بە ئەمانەت هێنابووم (ڤارڤارا حەزی دەکرد ئەم رۆمانانە چیرۆکی کۆنتەکان و شازادە کچەکان بێت) یا خۆم بە یارییەکی کاغەزی کۆنەوە سەرقاڵ دەکرد و هەوڵم دەدا بەر لە هاتنی پێترۆف و ڤۆن مۆر کە یاری کۆنکەنیان دەکرد، بەپرتاو ئەو تاقە شێوەیە دروست بکەم کە بە کارتەکان دەمزانی.

پەنجەی رەشداگەڕاو، ئەستوور و لە سەرما ئاوساوی، ڤارڤارا کوپێکی بە دەستەوە بوو و خواردنەوەیەکی گوماناوی تێدا بوو کە بۆنی ئەکلیلی کێوی و بیبەری لێدەهات و شەکری کوڵاوەی تێدا دەتوایەوە. پارچەی ناسکی کەرتوپەرتی نانی تازە کە مرەبای سێویان پێدا مالرابوو، ناشتاکە تەواو دەبوو. ئاسایی هەموو لێك شەتەکدراو لە موبەقە تەنگەکەماندا گرددەبوونەوە کە بە هۆی بوونی زۆپا گازەکەوە گەرمتربوو. هێشتا میوانەکان لە دەرگاکە نەچووبوونە دەرێ ئێمە

جلەکانمان دادەکەند تا بە خێرایی خۆمان لە دەستشۆرە وێران و بێڕەنگ و لیڵەکەدا بشۆرین و پاشان بەرەو ژوورەکانمان رابکەین کە لەوێ، لە ژێر بەتانیدا، لە پێخەفێکی رچیودا، بتڵی گەرمیش گلێر دەبۆوە. میوانەکان پێیان دەخستە سەر پلیکانەی تاریك، تەڵە شقارتەیەکیان دادەگیرساند تا چراکە بدۆزنەوە. کاتێك چراکەیش دەدۆزرایەوە لاساری لە داگیرسان دەکرد، هەمان ئەو کارەی  کە هەموو پاتری و گڵۆپ و چەرخەکان لە کاتی موسیبەتدا دەیکەن. هیچ رووناکییەك لە کۆڵانی تاریکدا پرتەپرتی نەدەکرد. شەوی پاییزی رووت بوو لە رووناکی و سێبەر و دەنگ. هەستت دەکرد لە نێو دەشت یا دارستانێکدای. بەو کەمە تریفەی مانگە، ئازایەتیمان تێدەگەرا و هەنگاوی درێژمان هەڵدەگرت، لەم کاتەدا تێپەڕین لە کۆڵانەکانەوە چێژێکی راستەقینە بوو. شەوانی باران، دەنگی رێبوارانمان دەبیست و جارجارێ روویدەدا خۆمان بە سنگی رێبوارێك دەکێشا: یەکسەر، گەرمای هێڵنج هێنەری بێگانەیەك دەیدا لە رووخسارت و قورسییەکەی لەشتی دەپلیشاندەوە. دوای ساڵی نوێ، بەفر باری و پەڵەی سپی، کە وەکبلێی پەرچبوونەوەی ئەســتێرەکان بوون، چەندین شەویان رووناك کردەوە. هاوکات کە لە سەر زبلوزاڵی سەر شەقامەکە هاوسەنگی خۆمان لە دەست دەدا یا بە کوێرەکوێر لە پەنا تەلارەکانەوە دەڕۆیشتین، دەبوو قەناعەتمان بە خۆمان بکردایە

که ئەم پاریسە ئاوریشم، دانتێل و شامپانیایە نەك ئۆبۆیان[46] یا چیبوکساری[47] لە مەودای ڕۆیشتنی سپییەکان و هاتنە ناوەوەی سوورەکان، کە نەك لە ساڵی (١٩٢٠) بەڵکو لە ساڵی (١٩٤٠ تا ١٩٤٢) و داین، کە زەوی بەردەوام بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

گفتوگۆکانیش، چ ئاست بەرزەکان و چ بێبایەخەکان، منداڵیمی بیردەهێنامەوە لە پیتەربۆرگ: لە جۆری یەکەمدا، دەیانوت نۆ لە دەی دانیشتوان هەمیشە لە نەداریدا ژیاوە و ئێستا نۆرەی ئێمەیە، ئێمەی پاریسییەکان! لە جۆری دووەمدا، دەیانپرسی لە کوێ دەتوانی کەرە پەیدا بکەیت و کەی پەتاتە فرۆشی دەست پێدەکات. هەر ئەمرۆ و سبەی بوو، شایەتحاڵی شکانی پەیوەندی گەلێك بووین کە هەتاهەتایی دەبینرا، وشەی "دەستگیری" بووبووە وشەیەکی بە برەو، لەو ژیانە نادیارەدا، لەو برسێتی و سەرمایەدا، هەموو جۆرە رووناکییەکی یادەوەری و ئومێد لە مندا دەمرد.

زستانی ئەو ساڵە، زۆرێك لە هاوڕێیانمان ڕۆیشتن: هەندێك لە ئەڵمانیا کاریان دۆزیەوە، هەندێك پەیوەندییان بە گوردانەکانی روسیاوە کرد و ئەوانیدی هەڵاتن بۆ باشووری فەرەنسا. ئیدی نە موسیا مشچرسکایام دەبینی ئەو ژنە

---

46 - Oboian

47 - Tcheboksary

قەرەجە بە گوارە درێژ و شۆڕەکانییەوە، نە پتیا پۆلیێچاتۆڤ[٤٨]، ئەو درۆزنە داهێزەرە سك برسییە، نە مامە درۆزد کە هەم سوراچاکی ئەنجومەنی سان ژۆرژ بوو، هەم شۆفێر. تەنها پێترۆڤ و ڤۆن مۆر دەهاتن کە هەر دووکیان لە نۆژەنگەیەکی ئۆتۆمبیلی نزیك تەرمینالی ئەڵمانیا کاریان دەکرد. ئەوان جارجاریێ کەلەرمێك، کیلۆیەك شەکر، یا بە ئاشکرا پارچە کۆبینێکی ساختەی مادەی خۆراکییان دەهێنا و ئەوە من بووم پارەکەیم دەدا. کاتێك مووچەکەم بەشی نەدەکرد، لە ناو کتێبی چێشتلێنانەکەدا پارەم هەڵدەگرت.

ڤارڤارا بە شەلەشەل لە بەینی موبەق و ژوورەکاندا هاتوچۆی بوو و سووتووی جگەرەکەی دەرشتە سەر تلپی وشك و بێ ڕۆنی تووری ڕەش. هەر لەم موبەقە، گیتارێکمان هەڵواسیبوو کە پێترۆڤ لەبەرئەوەی نەیدەزانی بیژەنیێ، پێیخۆشبوو هەر بۆ خۆشی بە دەستییەوە بگرێت. کۆڕێکی چکۆلە لە دەوری مێزەکە، لە سەر کورسی لەق، لە نێوان دیواری بریقاوەی قاوەیی تێر دادەنیشتن، "شەرابی ڕاستەقینەیان" بۆ خۆیان تێدەکرد، خەیارشۆرێکی باشی کەم خوێیان دەخوارد کە خرمەی دەهات و تا هەشت کوپ چاییان دەخواردەوە. ڤارڤارا کە مەشروبی خواردبۆوە و جگەرەی کێشابوو، دەستی دەکردە پێکەنینی سەرنجڕاکێش. ئەوان ئەویان وەك چل ساڵ پێشتر بە

---

48 - Petia Polechatov

باربیشۆن[٤٩] بانگ دەکرد. بە بۆچوونی من ئیرەییان بە یەکتری دەبرد. هەر دووکیان بە نۆرە کەمەریان دەگرت، لە ژێر مێزەکەوە پێیان لە قاچی دەنا و پەنجەی ئەستوور و زبریان ماچ دەکرد. بەڕواڵەت ڤۆن مۆر لە ماف و مووچەیەکی زیاتر لگۆڕ ئەو بەرخوردا بوو. جارجارێك کینایەی عاشقانە و پڕ مانایان ئاڵوگۆڕ دەکرد. پیێترۆڤیش ناوچاوی تێکدەنا و تەلی گیتارەکەی هەڵدەکەند.

هەر دووکیان هاواریان دەکرد: فەرموو بۆ لای ئێمە، شانازیمان بەرێ!

لەبەرئەوەی جێگەیەکم نەبوو بۆ خۆشاردنەوە لە ماڵی ساردا، دەچوومە کنیان بۆ موبەقەکە.

– ئەلیکساندرا ئیۆگنیۆڤنا، بە سەرسەختی گەنجی حوکممان بە سەردا مەدە. بە وتەی ئەو هاوڕێ ئیسپانییەمان، ژیان و جۆشوخرۆش و شەیداییە.

لە نێوانیاندا دادەنیشتم. پیێترۆڤ، کورتە باڵاو لەڕ بە لێوانێکی زۆر ئەستوور و بە چاوانێك بە زەردی گوڵەبەرۆژە، وایدەنواند سەرخۆشە و شانمی ماچ دەکرد. ڤارڤارا، بێحاڵ، بە دەسرەکەی کە بۆنی توندی عەتری لێدەهات و هێندە خاوێن نەبوو، دەیکێشا بە دەستیدا.

دوو بتڵ لە سەر مێزەکە بوو. ئاسایی ڤارڤارا بۆئەوەی بتڵەکان سەرمێزە نایلۆنییە گوڵدارەکان پیس نەکەن، لە سەر

49 - Barbichonne

موقەبای کۆنە دایدەنان. ئەو ڕۆژە، بە بێفکرییەکی هەرچی زیاترە، نامەیەکی نەکراوەی لە ژێر بتڵە شەرابەکەدا دانابوو، کە ناوی منی بە سەرەوە بوو. کاتێك پێمزانی، ئیدی هەمووی بووبووە پەڵە شەراب.

ڤارڤارا هاواری کرد:

- داوای لێبوردن دەکەم ساشا، بە داخمەوەسێ ڕۆژە لێرە، لە پشت نانەکانەوەیە! دیسان بیرم چوو پێت بڵێم.

ڤۆن مۆر بە پێکەنینێکی ناحەزەوە پرسی: پسووڵەی گازە؟

پێترۆڤ وەڵامی دایەوە: پسووڵەی باجە، پاشان هێژایانە چەتالێکی پیسی بۆ کردنەوەی زەرفەکە، بۆ ڕاگرتم.

یادداشتێکی زۆر کورت بوو. هەرچەندێك زیاتر چاوەڕێ بکەین، نامەکە کورتتر دەبێت. لە ڕاستیدا، دەبوو ئەم نامەیە هەڵگری ناوی من بێت. ئەم هەموو ساڵە تێپەڕیبوو...

## ئەلیکساندرا ئیوگنیوڤنای ئازیز

حەز دەکەم بتبینم. ماوەیەکی زۆرە دەزانم کە تۆیش لە پاریسیت، تەنانەت دوو ساڵ لەمەوبەر بینیمیت. وێڕای ئەمەیش، ئەگەر چاوێکی یارمەتیت لێم نەبێت، سەرم ناسوورمێ. شەممەی داهاتوو لە کافێیەکی سەر شەقامەکەی نزیك ماڵەکەتان، دەوروبەری کاتژمێر نۆ چاوەڕێت دەبم.

بابەتێك هەیە كە دەمەوێ بە تۆی بڵێم، داوایەكیشم لێت هەیە، كارێكی ویژدانی. رەنگە نەمناسیتەوە، من مێردی ئاریانی خوشكتم.

سێرگی سامۆییلۆڤ

لانیكەم دە جار نامەكەم خوێندەوە و دوو خاڵی سەرەكی تێگەیشتم: ئەمەی كە ئیدی ئاریان لەگەڵ ئەو نەدەژیا و ئەمەیش كە ئەو ماوەیەكی زۆر بوو لە پاریس دەژیاو سەرباری ئەمەیش، تەنانەت بیریشی لە من نەكردبۆوە.

نامەكەی سامۆییلۆڤ بە دەستەوە، موبەقەكەم بەجێهێشت، چوومە ژوورەكەم و ماوەیەكی زۆر لە تاریكایی و سەرمادا دانیشتم. سەیر بوو كە دڵم خەبەری لە رووداوێكی وەها نەدابوو. ئەوەی دەبوو، دابین بوو: تاریكی، سەرمان زۆروكەم گرانی، كەموزۆر ترس، ئیدی شقارتەكان گڕیان نەدەگرت و بڵێسەیان نەدەسەند. تا بەینێكی تر لە بەهاردا گژوگیا كۆڵانەكانی دەگرت. ئەم دیمەنە جگە لەو شتێكی كەم نەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا، چەندە نامەكە بۆم چاوەڕوان نەكراو بوو! رادیۆكەم هەڵكرد، بێئەوەی میلەكەی ببینم، دەمسووڕاند. كتوپڕ، كەسێك بە میهرەبانی، بەوپەڕی دڵنیایی و باوەڕێك كە ئەكرێ لە دەنگی مرۆڤدا شەپۆل بدات، وتی:

لەوێی؟ هێشتا لەوێی؟ باوەڕ بكە چاوەڕێتین، هەموو شتێكمان بۆ هاتنت ئامادە كردووە، دار نارنجەكان لە باخەكەدا

گوڵ دەگرن، بنی دەریا لە پەنجەرەی ڤیلا سپییەکانەوە دەبینریێ. دەزانی، شەوان، باخەکە پڕە لە پووشکەبەقنەی شین کە تا ئێستا نەتبینیون. کاتیەتی، پەلە بکە!

ساتێك بێدەنگی، نەڕەی ئافەرین و بەڕواڵەت پەردەیەك کە دادرایەوە.

دوو ساڵ پێشتر منی دیبوو و جارێکیش بیری لێ نەکردبوومەوە.

بەڕاست بۆچی بیر لە من بکاتەوە؟ هۆکاری چی بوو بیری بێتەوە کە هاوسەرەکەی بەو چاوە روونانەوە، لەشی لەڕ و سەرێکی شێواو، خێزانێکیشی هەبوو: باوکێکی شێت، کە کتوپڕ لەگەڵ ئەو تێکی دابوو و برا یا خوشکێك بە تەمەنێکی نادیار؟ خودی هاوسەرەکەی بێ هیچ بێتاقەتییەك ئەوانی بەرەڵا کردبوو و وەڵامی نامەکانیانی نەدابۆوە، وەکبلێی خێزانەکەی لە ژیانیدا هەر حسابیان بۆ نەدەکرا. ئەوان سەر بە دنیایەکی دیکە بوون و کێ چوزانێ، رەنگە لە زانینی ئەمەی کە ئاریان بووبووە هونەرمەندێکی بێبایەخ کە سەرەتا لە شانۆ بیانییە بێنرخ و پاشان لە بەرنامە ئاست نزم و رۆمانسییە پڕوپاگەندەییەکاندا رۆڵی دەگێڕا، لە زانینی ئەمەی کە ژن و مێرد لە پیتەربۆرگ و پاشان لە کریمە شوێن ئەم شانۆ و ئەو شانۆ دەکەوتن، بێتاقەت دەبوون. ئاریان دەیویست لەگەڵ تایرۆڤ[٥٠]، کار بکات، بەڵام ئەوان نەیانتوانی بوو لە

---

50 - Tairov

مۆسکۆ خۆیان پیشان بدەن. چەند ساڵێك لە سیمفیرۆپۆڵ[٥١] ڕۆڵیان گێڕابوو. ئاریان تووشی تیفۆس بووبوو و لە ئەنجامدا مردبوو.

سامۆییلۆف لە ساڵی (١٩٢٨) لە کن خوشکەکەی، لە تڤێر[٥٢] جێگیر بووبوو. لەوێ، بەهۆی ڕووداوێکەوە کە مێردی خوشکەکەی تێوەی گلابوو، دەستگیر کرابوو. تەنها چوار مانگ لە زینداندا مایەوە، پاشان ڕووداوێکی دەگمەن ڕوویدا، فەرمانێکی بۆ دەرچوو کە بە پێی ئەو فەرمانە دووریان خستەوە بۆ کەناڵی بیێلۆمۆر[٥٣]. لەوێ لەگەڵ دوورخراوە سیاسییە ڕاستەقینەکان، لەوانە، ئەندامانی گروپەکانی وەك بێ قەشەکان و سباتیان ئاشنابوو. ڕۆژێك بە ڕۆیشتن لە نێو بەفر و تایگا[٥٤]، دارستانی کێوی گاریلی[٥٥]، لە جادەی مۆرمانسك[٥٦]ە وە تێپەڕی. دەوری دایەوەو سەیری پاسەوانە سنوورییە کلاو بە سەرەکانی کرد: لە دوورەوە، لە نێو گردە بەفرێکدا کە ئەو خۆی تێدا شاردبۆوە، سەریان وەك سەری سەگ دەبینرا. شمشێرە چەماوەکانیان، وەك کلکی سەگ،

---

51 - Simferopol

52 - Tver

53 - Bielomor

٥٤- Taiga، دارستانی گیا قووچەکییەکان کە بەشێکی لە زەوی وڵاتانی وەك ئالاسکا، کەنەدا، سوێد، فنلاند، نەرویژ و روسیای داپۆشیوە.

55 - Garelie

56 - Mourmansk

پاڵتۆ درێژەکانیانی بەرز دەکردەوە. پارچە نانێکی لە سنگیدا شاردبۆوە و لەم گردە بەفر بۆ ئەو گردە بەفر خۆی بکێش دەکرد، تا دواجار گەیشتە کوخێکی ناوچەیی چکۆلە بە پەردەی دارینی جوان و دەرگایەکی سوور و شین، کە لە سەر قاچی مراوی[٥٧] دروستکرابوو. لە دووکەڵکێشێکەوە کە رەنگەکەی بریقەی لێدرابوو و دەبریسکایەوە، دووکەڵێکی شین هەڵدەستا، با ئالآیەکی دەشەکاندەوە: رەبییەیەکی پۆلیسی فنلاندی بوو.

– تۆ لەو کاتەوە بیرت لە خانوویەکی بووکەڵە دەکردەوە یا مرۆڤێکی چکۆلە لە بابەتی شیرینی؟

دوو ساڵ لە هێلسنکی و پێنج ساڵ لە بەرلین، کرێکاری بار هەڵگر، قەرەقۆز، شۆفێر و لە کۆتاییدا کاری گریمۆری.

– هاتم بۆ پاریس، بەڵام ئەمەی کە هەموو ژیانم لێرە بمێنمەوە، نا! کێ چوزانێ، رەنگیشە زۆر زوو برۆم، لێرە کارێکم نییە. بۆ کوێ؟ دیارە رۆژهەڵات. حەزم لە زەریا و دورگە نییە. حەز دەکەم پێم لە سەر زەوی رەق بێت. هەربۆیە، پەلەم کرد... لە راستیدا دەمتوانی پێشتر ئەم کارە بکەم، بەڵام نەبوونی... بەراستی نەبوونی...

تازە لەوێ هەستم بە شێوەی قسە کردنی کرد، تازە هەستم کرد قسەکان نیوەناچڵ جێدەهێڵێ.

– هۆکارەکانمت بۆ رووندەکەمەوە. زۆر بە بایەخە بۆم.

٥٧- ئاماژە بۆ حیکایەتێکی کۆنی روسی "بابە یاگای جادووگەر". لەم حیکایەتەدا، ماڵی بابە یاگا لە سەر قاچی مراوی دروستکراوە، دیوارەکانی لە شیرینی و هەویری بادامە.

داوایەکە... یەك...

بە دەستەکانی ئەو مێزە چکۆلەیەی گرت کە بیرەکانمانی لە سەر بوو و توند فشاری خستە سەر.

وێنەیەك کە لەو لە یادەوەریمدا هەمبوو، وێنەی پیاوێك بوو زۆریش قۆزنا، رەنگ پەڕیو، بە لووتی سوور، هەمان ئەو کاتەیش ساڵ و تەمەنێکی لێڕۆییبوو، کە پێدەکەنی ئەم دەمە بێ ددانەی ناشیرین دەکرد. نەگۆڕابوو. وەك رابردوو، چاوە زیت و درەوشاوەکانی رێك قووڵایی رۆحمی دەسمی.

لە بوونی ئەودا جۆرە کۆنەیی و کاڵەوەبوویییەك هەبوو کە تایبەتە بە روسەکان، شتێك کە بە دوورخستنەوە لە دایك دەبێت و تەنها بە دوورخستنەوە دەمرێت. تەنها کەمەکێك مرۆڤی سەرزیندوو یا لات لە دەستی هەڵدێن، ئەوانیدیکە بەردەوام مۆری ئەوەیان بە تەوێڵەوە دەبێت: پشتی رەنگ کاڵەوەبووی چاکەتەکەیان، بۆنی ئارەقەیان، قۆڵی دڕاو و شڕوپڕ، بۆینباخ گەلێك کە ئیدی کاتیان تەواو بووبوو و دەسڕی خۆڵەمێشی. هەرچەندە سامۆییلۆڤ زیاتر مرۆڤی دەخستەوە بیری هونەرمەندان یا دابینکاران تا ئەفسەرانی لە کار دوورخراوە یا وەستاکان، بەڵام رێك وەك هاوڕێکانی ڤارڤارا کۆنەو وێران و داغان دەبینرا.

وتم:

- کە سەیری بلووزە خۆڵەمێشییەکەت دەکەم وایدەبینم هەر ئەوەیە ئەو کاتە لەبەرت دەکرد. پاڵتۆ دڕاوەکەت لە

بیره؟

سەری لەقاند.

- من قەت پاڵتۆم لەبەر نەدەکرد.

- ناڵێم پاڵتۆت لەبەر دەکرد. ئەمە ناوی ئەو شیعرەیە کە خوێندبووتەوە. بیرتە، باسی دۆنکیشۆت و لیری دەکرد؟

بە وردی سەیری کردم. کتوپڕ شتێك لە نیگایدا تێپەڕی، پزیسکێك لە یادەوەریدا داگیرسا.

- من نەبووم، زۆنکۆف ئەم شیعرەی خوێندبۆوە. هاوڕێم بوو. کە دووریان خستەوە لە ئۆردوگا مرد.

- نا، تۆ بوویت، دڵنیام. چۆن لە بیرت چۆوە؟ خۆ پاڵتۆیەکی لە مۆد کەوتوو ئیدی ناکرێ نۆژەنی بکەیتەوە.

بە بزەیەکی تاڵ وتی: لە ئێستەدا کونێك زیاتری لێنەماوەتەوە.

بێدەنگ بووین. بیرم لە ئاریان دەکردەوە، بیر لە رووخساری روونی، لە سنگی کە کاتێك خۆی دەشۆرد لە تەشتەکەدا رووناکی لێوە تێدەپەڕی و بیر لەو شەوەی کە بە حاڵەتێکی ژنانە، قردێلەی کلاوەکەی گرێدەدا، کۆڵێکی دابوو بە شانیداو ئێمەی بەجێدەهێشت. بیرم لە سامۆییلۆڤ دەکردەوە کە دوایین چارەکی ژیانی بەسەر دەبرد و بەڕواڵەت ئەم دیدارە بۆ ئەو مانایەکی پەنهانی هەبوو. بە خۆم وت سەیری من دەکات بێئەوەی بمبینێ.

من کە هیچ شتێك پەرێشانم ناکات، کە هەمیشە ئارامیم

دەپاڕێم، ئەو شەوە بە توندی هەستم بزوابوو، وەکبڵێی شتێکی گرنگ لە ئارادایە. ئەم پرسە دەبووە ئاستەنگ تا باش گوێ لە قسەکانی بگرم. بیرم دێتەوە لامپایەك بە زەحمەت کافیٚ بۆگەنەکەی رووناك دەکردەوە، سەر دیوارەکان پڕ بوو لە پەڵەی شێ و ئەو، کە لە منداڵیمدا لە روانگەمەوە ئەوەندە گەورە بینرابوو، ئەو شەوە تۆزێك گەورەتر دیار بوو.

بە بزەیەك دەستی بە قسەکانی کرد.

- ئەلیکساندرا ئیوگیۆڤنا، من تۆم هێناوە بۆ ئێرە بۆ پرسێك کە زۆر بۆم گرنگە و هەروابێتەوە خێرایشە. دەمویست داوای لێبوردن لە باوکت بکەم. وەك گوناهبارێکی تۆبەکار، بێ شەرم داوای لێبوردن بکەم. دەتوانیت یارمەتیم بدەیت؟

بە دڵنیاییەوە حەپەساو دەبینرام.

- خەتای من لە هەمبەر باوکتان زۆر گەورەیە، باری گوناهێکی گەورەم بە کۆڵەوەیە. کچەکەیم لێزەوت کرد، کارەکە لە دزی خراپترە، تارادەیەك کوشتنە. هەرچەند کات تێدەپەڕێ، ئەم بابەتە زیاتر قورسایی دەخاتە سەر شانم.

لێرەدا ئیدی دامە شریخەی پێکەنین.

- تۆ باوەڕت بە قسەگەلێکی ئامها گەمژانە هەیە؟ شێتیت! واتا کاری کردەیە هێشتا باوەڕت بەم قسانە هەیە؟

دەستی لە مێزەکە بەردا، تا ئەو ساتە بەردەوام لە نێو دەستەکانیدا دەیگوشی.

- نازانم چ وەڵامێك بدەمەوە. رەنگە باشتر بێت هیچ

نەڵێم. رەنگیشە دەبێت بڵێم بەڵێ، خەڵکانێك هەن کە باوەڕیان بەم شتانە هەیە. هەڵەیە ئەگەر پێتوابێت ئیدی خەڵکانی لەم شێوەیە بوونیان نییە. لە راستیدا، خۆتان باش دەیزانن، ژمارەیەك هەن. جگە لەمەیش، ئەگەر لە راستیدا خەڵکانێکی لەم شێوەیە نەبوونایە، ئیدی دنیا سەرنجڕاکێشییەکی نەدەبوو.

دەستم بەرەو پاکەتی جگەرەکە درێژ کرد کە ئەو جگەرەی لێهەڵدەگرت. کتوپڕ هەستم کرد ناوێرم درۆ بکەم.

- بەڵێ، سەرسوورهێنەرە، بەڵام من خۆم هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد، ئازارم دەچەشت ئەگەر بە گشتی تەواو ببوایە.

باش وەڵامەکەی نەبیست. مێشکی لای فکرێکی نوێ بوو.

- تۆ کەسێکی زۆر نزیك، زۆر ئازیزت نییە؟ وانییە؟ قەت نەتبووە؟ بیر لە دایکت بکەرەوە. بە دڵنیاییەوە یادەوەریت هەیە لێی. وێنای بکە پێت بڵێن کافر و بێ دین بووە، وەك ئەمە وانییە مرۆڤ بزانێ باوکی نەخۆشی سفلیسی هەبووە؟ پێدەکەنی؟ (پێنەدەکەنیم.) لەبەرئەوەی چاوەڕێی ئەوەین لە ئەو دنیایش درێژە بە نوێژ و دوعا کردن بدات، تەنانەت ئەگەر بووە تۆزێك...

شانەکانم هەڵتەکاند، بێئەوەی هیچ بڵێم.

- دەزانی، ساردترین پیاوەکان، بە دڵێکی وەك بەرد،

حەز دەکات خۆشەویستەکەی بتوانێ لەگەڵ خودا قسە بکات و ئەو قسانە فێری منداڵەکانی بکات. من مرۆڤێکی لەم جۆرەم لە زیندان دەناسی. کەسێك لە پەیڕەوانی گروپێکی ئایینی ئینجیلیێکی بە دیاری پێدابوو و ئەو بەو ئینجیلە مشکی کوشت. لە مشك دەترسا. شەو دەنگێکی دەبیست، هەڵدەستا، ئینجیلەکەی لە مشکەکە دەگرت و لە جێی خۆی دەیپلیشاندەوە.

هەناسەی نوێ کردەوەو قومێك بیری خواردەوە.

شانەکانم هەڵتەکاند و وتم: سەیرە، سەیرە سێرگی سێرگیۆڤیچ، کە تۆ بیر لە شتانی ئامها بکەیتەوە، کە باسی شتانێکی لەم جۆرە دەکەیت، کە بتەوێ داوای لێخۆشبوون بکەیت. دواجار، باوکم... بەڵام قسەکەم تەواو نەکرد.

- باکوور، لە ئۆردوگا، خەڵکانی زۆرباش و مەزنم بینی... دەتوانم بۆتی باسبکەم...

بەڵام کتوپڕ لە کافێ چکۆلەکەماندا جموجۆڵێك بەرپابوو. بە شوێن چەترێکدا دەگەڕان، دەبوو هەستاینایە. گارسۆنەکە بە گاگۆلکێ دەچووە ژێر مێزەکانەوە، سەگێکی تیسکن کە لە تەنیشت زۆپاکەوە خامۆش وەنەوزی دەدا، چاوە پڕ ریپۆقەکەی کردبۆوە. پەردە — رووکەشێکی کۆنە و دڕاو کە دەرگاکەی دادەپۆشی و رووناکی ئەرخەوانی لامپاکانی دەشاردەوە — لەرزی: میوانێك هاتە ژووری و میوانێکی دیکە چووە دەرێ. وەك هەموو کافێ پیس و پۆخڵ و چکۆلەکانی پاریس، بۆنی

ناخۆش و کۆنی شەراب دەهات. قاچەکان لە نێو زبڵوزاڵی شێداردا هەنگاویان هەڵدەگرت کە ماوەیەکی زۆر بوو گسک نەدرابوو. لە هەر ساتێکدا، چاومان بە ماسیحەی تەڕ دەکەوت کە هەمان ئەو گارسۆنە جارجار ئاوێکی پێ وشك دەکردەوە کە لە گۆشەیەکەوە دەتکا.

هەروا کە جارجار روودەدات، من گوێم لە دەنگی سامۆییلۆڤ دەگرت، بێئەوەی قسەکانی دیاری بکەم. لێی رامابووم: سامۆییلۆڤ پێدەچوو حیکایەتەکەی لە خاڵێکی گرنگدا بڕیبوو، دەستەکانی خستە ژێر روومەتەکانییەوە... من لە ئەنجامی ئەم دیدارەدا تەواو قڵپ بووبوومەوە. دووبارە ئاریانم بیرکەوتەوە، سێنفێرپۆڵ، گۆڕستانی ئەو شارەو یادی گۆڕی ئاریانم بیرکەوتەوە. کتوپڕ هەست و هۆشم دایە سامۆییلۆڤ. باسی دوو ژنی دەکرد کە لە پڕۆژەی دارستانەوانیدا ناسیبوونی.

– سەرۆکی ئۆردوگاکە، ئاژەڵێکی توندوتیژ، جەللادێك، بانگی کردن و لێی پرسین: لەعنەت لە شەیتان، بۆچی ئێوە هەمیشە ئەمەندە گوێڕایەڵن، چێژ لە هەموو شتێك وەردەگرن، ترستان لە بێگاری نییە، بەشە ئازوقەکەی خۆتان دەدەن بە خەڵکی دیکە. بەرگەی هەموو جۆرە سووکایەتییەك دەگرن، لە کاتێکدا کە لەشتان لە ژێر جلوبەرگی کۆنەوە دەبینرێت! وەڵام بدەنەوە، سەڵیتەی بێشەرمانە! ئەوانیش دەیانوت: لەبەرئەوەی ئێمە باوەڕمان بە حەزرەتی مەسیح هەیە...

دەستەکانی سامۆییلۆڤ کشاو، باریك و خاوێن بوون، بە ئەڵقەیەکی ناسك و جوان لە پەنجەیدا. حەزم دەکرد بزانم بۆنەی ئەم ئەڵقەیە چییە، سامۆییلۆڤ ڕۆژەکانی چۆن بە سەر دەبرد، لە کوێ دەمێنێتەوە؟ باسی ڤلادیمێر بۆریسۆڤیچ[58] ناوێکی دەکرد کە خوێندکاری خوێندنگەی تیۆلۆژی بوو و لە ساڵی (١٩١٩)ە وە لەم ئۆردوگا دەچوو بۆ ئەو ئۆردوگا. لە هەموو چیرۆکەکەی تەنها ئەم ناوە بێبایەخەم لە زەیندا ماوە، لەبەرئەوەی سامۆییلۆڤ سات بە سات خێراتر قسەی دەکرد، وەکبڵێی ئاگرێکی شاراوەو رازئامێز بوونی گرتبێبەردابوو، وشەکان لە بوونییەوە دەرژانە دەرێ، وشەیەکی دەوت، دیسان دەگەڕایەوە سەر وشەی پێشووتر و جارجارێ نیوەناچڵ جێیدەهێشتن. بە گشتی دەموچاوە لەرەکەیم بۆ بێگانە بوو. بە بان گوێیەوە، چەند تاڵە موویەکی سپی چەکەرەی کردبوو.

کتوپڕ، وەك ئەوەی تووشی بەربەرستێکی نەبینراو بووبێت، وەستا.

- ئیتر ئامها. بابێینەوە سەر قسەکانی خۆمان. کاتم گرتیت. بە دڵنیاییەوە کارێکی زۆرت هەیە. دەتوانم باوکت ببینم؟ دەبێت داوای لێبوردن لەو...

وەڵامم دایەوە:

- باوکم مردووە.

جووڵەی نەکرد، تەنها تۆزێك ڕەنگی پەڕی. زانیم چاوە زیت

58 - Viladimir Borisovitch

و درەوشاوەکانی ناهێڵن دەرکی بکەیت بیر لە چی دەکاتەوە، چ هەستێکی هەیە.

بە خاوی و بە دەنگێکی لە سەرخۆ وتی:

– سەیرە، لەم حاڵەتەدا داوای لێبوردن دەکەم لەمەی کە لە خۆڕا بێزارم کردن.

ئامها. مشتێك پارەی وردەی بۆ حسابی بیرەکانمان ئامادە کرد. بە خێرایی و پتەوی تەوقەمان کرد، ئەو بۆ لای چەپ و من بۆ لای راست. دنیا ئەوەندە تاریك بوو دەموچاوم نەدەبینرا.

ئەو رۆژە، موبەقەکە پڕ بوو لە دووکەڵ و هەناسەی مرۆڤی دەگرت، ڤارڤارا سپایگێتی دروست دەکرد. پێترۆڤ، ڤۆن مۆر و ڤاسیا و سترنۆسۆڤ کە لە برۆتانی[59]یەوە هاتبوو (بە برینێکی گەورە بە دەموچاویەوە، یادەوەرییەك لە کالدین[60]) گەیشتبوونە سێیەم پەرداخ. لە نێوانیاندا دانیشتم، پێکێکم خواردەوەو وردە وردە لە بینینی ئەوەی کە ڤۆن مۆر سپایگێتییەکە لە دەوری چەتاڵەکەی دەئاڵێنێ، قاقام لێدەدا. لە کاتی پێکەنیندا دەنگی پێکەنینەکەمم دەبیست کە دەگۆڕا بۆ گریان. وەك بابە و ڤارڤارا، خەسڵەتێکی خێزانی بوو. سەرباری ئەمەیش، منیش وەك ئەوان حەزم دەکرد بە کارتی یاری کاغەز شێوە دروست بکەم. هەستێکی تەمومژاوی

---

59 - Rretagne

60 - Kaledin

بێتوانایی لە گۆڕینی چکۆلەترین شت لە ژیانمدا، زیاتر دەیخستمە پێکەنین. بەڵام باشتر بوو لەگەڵ ئەوانیدی پێبکەنم تا بە تەنیایی لە ژوورێکدا، کە بە درێژایی زستان گەرم نەدەبوو، لە ژێر بەتانییەکی ناسکی ڕێڕێدا سەرم ڕۆبەرمە پشتییەکی رەقەوەو بگریم. ئامهابوو و هیشتایش ئامهایە، ژیانی من.

کەلوپەلەکانی چواردەورمان بەردەوام سست و فشەڵ دەبن. هەریەکێکیان تاقانەیەو شتێکی دیکە جێگەی ناگرێتەوە. مرۆڤەکان سات بە سات زیاتر هەڵدێن. وەختێك لە کاتی ڕۆیشتندا دەیانبینم وێنای دەکەم بەزوویی دەگەڕێنەوە. هەموو شتێك وندەبێت: نان، کاغەز، سابوون، نەوت و زێڕ. خودی دنیا بەرەو لە ناوچوونی دەچێتە پێش و لەم لە ناوچوونە گشتییەدا، ڕووناکییەکی پیرۆز، کە ئیدی نەك لە لە ئەستێرەیەك کە ماوەیەکی زۆرە کوژاوەتەوە، بەڵکو لە تەمێکی بریسکاوە و لەرزۆکەوە هەڵدەستیَ، دووبارە، بیَ هێز، پرتەپرتم بۆ دەکات.

ناتوانم بلێم ئەم ڕووناکییە دووبارە کەی و چۆن دەرکەوت. ئیدی ئەو چاوە کارتێکەرەی رابردوو، ئەو بۆنکردنە، ئەو هەستیارییە توندوتیژەی سەردەمی منداڵیم نییە. بەڵام دەزانم لەم ژیانە ڕەشەدا، هاوکات کە لاواز و پیر و زەین کوێر دەبم، بەهێز و تاوویاوێکی تایبەتەوە لە بۆسەدام بۆی. ئەم شتەی کە، سەرباری سەخڵەتییەکان، وەك بیست ساڵ پێشتر

لە مندا دەژێتەوە، ئەگەرچی زۆر مەنگ و قورسە، دەتوانی ناوی بنێی حەز بۆ گەورەیی، تینووی ئاوەزمەندی، عەشق و حەقیقەت. ئەم وشانە بەیانکەری شتانی جیاواز نین، بەڵکو بەشی گشتێکی بێکۆتایین کە من لە بەرامبەریەوە دەڕۆم بێئەوەی بیبینم. بەڕاستی، دەتوانی باسی گەورەیی بکەیت، کاتێك نەداری و سووکایەتی بە حەقیقەت دەیکاتە کارێکی نەکردە؟ لە کارەکەی مندا لە دوکانی شتن و ئوتووەکەدا، لەو شەوانەدا کە لەگەڵ پوورم لە موبەقەکە بووم، چ ئاوەزمەندییەك بوونی هەیە؟ عەشق، کە هەرگیز سەرنجڕاکێش نەبووە بۆ من لەم نێوەدا چی دەکات؟ حەقیقەت، کە هەرگیز بیرم لێی نەکردۆتەوە، چۆن ئەکرێ کار لە من بکات؟ بەڵام هەروەك بیست ساڵ پێشتر، هەستیاری پاکژی ڕۆحم دووبارە تیژ دەبێت: لەم ڕادەیەدا، بێگومان تەنها دوو یا سێ جار لە ژیاندا ڕوودەدات و دڵم خەبەر دەدات کە ڕۆژێك، ڕەنگە لە ساڵی (١٩٦٠) جارێکیتر دەرفەتی ئەزموونکردنی هەستێکی هاوشێوە بە من ببەخشرێت.

لەو کاتەدا سامۆییلۆڤ لە کوێ دەبێت و چۆن من ئاگادار دەکاتەوە؟

١٩٤١-١٩٤٢